گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 5, No. 4, pp. 927–948, December.-2017*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# زاخۆ لە تێڕوانینی گەڕیدەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا

**محمد احمد ابراهیم گەلآڵەیی**

بەشی مێژوو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستانی–عێراق (mohammed.ibrahim@soran.edu.iq)

وەرگرتن: 2017/05 پەسەندکرن: 2017/08 بەلاڤکرن: 2017/12 *https://doi.org/10.26436/2017.5.4.487*

**پۆختە:**

زاخۆ شوێنگەییەکی ستراتیژی لە بەستنەوەی پارچەکانی کوردستانی گەورە دا هەیە، بەئەڵقەی بە یەکگەیشتنی باشوور و باکوور و خۆرئاوای کوردستان دادەنرێت، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە خاڵی بەیەکگەیشتنی سنووری میرنشینەکانی بادینان و بۆتان، لەسەردەمی کۆتایهاتنی دەسەڵاتی میر محەمەد پاشای رواندز میرنشینی سۆران و بۆتانی بەیەکەوە دەبەست، هەروەها لە تێپەڕبوونی رووباری خابوور بە نێوەندی شاری زاخۆ و هاتنی بەشێك لە گەڕیدەکان بەرێگای کەڵەك و پەڕینەوەیان بۆ سنووری زاخۆ بە بەرێژەییەکی بەرچاو باسی زاخۆ و دیاردەی مرۆیی و سروشتی ناوچەکە کراوە، بەتایبەتی لە بیرخستنەوەی چەند رووداوێکی مێژوویی لەوانە، گەشتی دە هەزارەکەی گزنفۆنی یۆنانی(Xenophon) و تێپەڕبوونیان بە ناوچەی زاخۆ و گێڕانەوەی لەلایەن گزنفۆن، بۆتە خاڵی سەرنجکێشی گەڕیدەکان بەتایبەتی ئەوروپاییەکان، زۆر لێکدانەوە و بۆچوونی جیاوازییان لەبارەیەوە نووسیووە، هەروەها کۆمیونیتی جولەکە زۆرێك لە گەڕیدەکان لەناوەوە و دەرەوەی شاری زاخۆ ئاماژەییان بە ئامادەبوونی ئەوان کردووە، بەشێك لە نێردەی مسیۆنێرەکان باسی شاری زاخۆیان کردووە، کەوتنەبەر دیدی زاخۆ لەلایەن گەڕیدەکان بەهۆی ئەوە بووە کە لە سەر ڕێگای هاتووچۆی نێوان ئامێدی و ناوچەکانی جەزیرەی بۆتان و دیاربەکر بووە، ناوەندێکی بچووکی بازرگانی بووە، کە پەیوەندی کارگێری بە ویلایەتی موصڵ هەبووە لە دوای رووخانی میرنشینی بادینان و نەمانی دەسەڵاتی میری سۆران دوای هێرشەکانی رەشید محەمەد پاشا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میری ناوبراو، بەشێوەیەکی گشتی تێروانینی هەندێ لە گەڕیدەکان بۆ شاری زاخۆ بەشێوازێکی زۆر ورد تۆمارکراوە، هەروەها ئەم گەڕیدانە سەردانەکانیان بۆ شاری زاخۆ لە سەدەی نۆزدەهەم کردووە، بەشێکییان ئەمانەن: دیپلۆماتی ئیسپانی (ئەدۆلفۆ ریڤادێنیرا)، گەڕیدەی بەریتانی جۆن ئاشێر، دکتۆر و مسیۆنێری ئەمەریکی لەبدێڵ، هێنری.ئەی. ستێرن، کارڵ بایدکار، هاراتۆ ساوسگەیت، جۆرج پێرسی باجەر، لیوت.کۆڵ. جی. شێڵ ئەفسەری بەریتانی..

**پەیڤێن سەرەکی:** زاخۆ، گەڕیدەکان، میرنشین، عوسمانی، بادینان.

## 1. پێشەکی

شاری زاخۆ،لە تێڕوانینی گەڕیدەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا،بایەخێکی گەورەی پێدراوە لەلایەن ئەو کەسە جیاوازنەی وەك گەڕیدە،بەلآم بەناونیشانی جیاواز رووپیان لە شاری زاخۆ کردووە و یاخود بە دەوروبەر و نزیکی ئەو شارەدا تێپەڕبوون،سەرنج و تێبنییەکانیان لەسەر زاخۆ تۆمارکردووە،هەرچەندە شوێنگەی جیۆگرافی–سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئاینی زاخۆ،گرینگییەکی زۆری لەلایەن گەڕیدە ئەوروپییەکان پێدراوە،بەتایبەتی دەتوانین لە پۆلێن بەندییەکی مێژووییدا وەسفیان بکەین،بەشی یەکەمیان: کەسانی سەربازی وەك(جی.شێڵ–J.Sheil) ئەفسەری سەربازی بەریتانیای مەزن لە ساڵی 1836 بە زاخۆ و دەوروبەری تێپەڕیووە و سەرنجەکانی تۆمارکردووە،دووەمیان: کەسانی دیپلۆماتی وەك(کۆنت دو سێرسێ–Kaulnt De Sercey)ی فەرەنسی کە شاندێکی گەورەی دیپلۆماتی و سیاسی و فەرهەنگی و پزیشکی و شوێنەوار ناسی هاریکار،هاوسەفەری بوونە و لەکاتی گەڕانەوەیان لە دەرباری پادشاییەتی قاجاری لە ئێران لە ساڵی 1840 دا،سەرنجە وردەکانی لەسەر زاخۆ نووسیووە،هەروەها هەریەك لە (ریچارد وود–Richard Wood) نێردراوی باڵیۆزخانەی بەریتانی لە ئیستانبوڵ لە 1836 دا و (ئەدۆلفوا ریڤادێنیرا–Adolfo Rivadenyra) دیپلۆمات و نێردراوی دەوڵەتی ئیسپانی لە تەمموزی 1869 سەردانی زاخۆی کردووە و تێبینیە وردە مێژووییەکانی و هەندێ دیاردەی پێشکەوتنی پیشەسازی خۆماڵی تۆمارکردووە،سێیەمیان: نێردراوە موژدەبەخشەکانی کریستییان کە بەرەگەز ئەمەریکی بوون،

وەك: دكتۆر گرانت،میستەر مارش و دكتۆر لەبدێل.. لە ماوەی 1839–1857 لە ڕێگەی نووسینی ڕاپۆرتەكانیان بۆ گۆڤاری زە میشینەری هێراڵد (The Missionary Herald) كە لەشاری بۆستنی ئەمەریكا دەردەچوو كە گۆڤارێكی تایبەت بوو لەلایەن بۆردی كۆمسیۆنێری ئەمەریكی بۆ نێردراوە موژدەبەخشەكانی دەرەوە (The American Board of Commissionersfor Foreign Missions (ABCFM) لەنێوان ساڵانی1833–1870 بەبەردەوامی ڕاپۆرت و نامەی ئەو مسیۆنێرانەی ئەمەریكی بلاودەكردەوە كە كاریان لەناو مەسیحییەكانی خۆرهەلات دەكرد،مسیۆنێرەكان زانیارییان لەسەر زاخۆ و بەتایبەتی پێكهاتەی ئاینی و ژیانی بەڕێوەبردنی حكومڕانی لە شاری زاخۆ تۆماركردووە،چوارەمیان: گەڕیدەی جۆراوجۆر بەمەبەستی جیاجیا سەردانی شاری زاخۆیان كردووە،وەك: شێخ تەها بالیسانی،كە زانابیەكی گەورەی كوردە لە سەدەی هەژدەهەم بە زاخۆدا تێپەڕیوە،هەروەها خورشید پاشا،ئەندامی كۆمیتەی دارشتنەوەی سنووری عوسمانی و ئێرانی لە 1843 دا،كەسانی سیاسی و فەرهەنگی و شوێنەوارناسی وەك گەڕیدە سەردانی زاخۆیان كردووە، تێڕوانینی خۆیان تۆماركردووە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات كە شوێنگەی جیوگرافی زاخۆ و ڕوانگەكەی لەهەموو دەوڵەتانی جیهان و ناوچەكە لەسەدەی نۆزدەهەم دا گرینگییەكی تایبەتی هەبووە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سەربازی و دیپلۆماتی و ئاینی و سیاسی.. هتد.

گرینگی ئەم توێژینەوەیە: تیشك خستنە سەر مێژووی شاری زاخۆ لە سەدەی نۆزدەهەم دا،یەكێكە لەو سەدانەی مێژووی كورد، كە زۆرترین گۆڕانكاری و ڕووداوی گەورە تێیدا ڕوویداوە،بۆیە نووسینەوەی تێڕوانینی گەڕیدەكان لەسەر شاری زاخۆ لە ڕووی مێژووی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەی ئاینی و بارودۆخی سیاسی و كارگێری میرنشین و دەسەلاتدارییەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی،بایەخێكی زانستی مێژوویی هەیە. بۆیە توێژینەوە لەسەر شێوازی كرۆنۆلۆژیای مێژوویی،وەسفی،شرۆڤەكاری و رەخنەگرتنی ناوەكی نووسراوە.

ئامانجی توێژینەوە: شاری زاخۆ لەلایەن هەر هێزێكی سەربازی و سیاسی ئامانجێكی گەورەی داگیركردن بووە،بەتایبەتی لە چەند قۆناغێكی مێژوویی وەكو ڕاڕەوێك بۆ گەیشتن بە قووڵایی خاكی باكووری كوردستان یان ئەناتۆڵیا لە مێژووی كۆن و سەدەكانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێ دا بایەخێكی گەورەی هەبووە،وەك: تێپەڕینی هێزی دە هەزارەكە،بەسەركردایەتی گزنفۆنی یۆنانی لە ساڵی 401 پێش زایین،محەمەد پاشای ڕواندز میری میرنشینی سۆران لە 1831زاینی بەسەركردایەتیی شاڵی بەگ كە یەكێ لەسەركردە سەربازییەكانی بوو شاری زاخۆی لە ژێر دەسەلاتی میرنشینی بادینان دەرهێنا،ت ڕەشید محەمەد پاشای عوسمانی بۆ رووخاندنی میرنشینی سۆران،واتە: زاخۆ خاڵی پەڕینەوەی هێزە ناوخۆیی و دەرەكییەكان بووە بۆ مەبەستی جێگیركردنی بەرژەوەندی سەربازی و سیاسی و ئابووری بەكارهێنراوە،هەروەكو لە ڕووداوەكانی دواتر دەبینین.

هۆكاری توێژینەوە: زاخۆ وەك شارێكی دێرین لە باشووری كوردستان،مۆزاییەكی كۆمەڵایەتی و ئاینی تایبەتی خۆی هەیە،خاڵی سەرنجكێشە بۆ توێژینەوەی زانستی،هەروەها لەژێر ڕۆشنایی بەردەستبوونی ژمارەیەكی پێویست لە سەرچاوەی زانستی و گەشتنامە و لێكۆڵینەوە زانستی و سیاسی و فەرهەنگییەكان،هاندەرێكی سەرەكییە بۆ توێژینەوەی زیاتر لەسەر زاخۆ بۆ دەرخستنی ڕووە شاراوەكانی مێژووی زاخۆ لە سەدەی نۆزدەهەم لە هەموو لایەنەكانی ژیاری و شارستانی زاخۆ و ناوچەكانی دەوروبەری.

گرفتەكانی بەردەم توێژینەوە: ژمارەیەكی پێویستی گەشتنامە بە زمانە جیاوازەكان لەبەردەستی توێژەردابوون،بەلام بەردەستنەبوونی ژمارەیەكی زیاتری گەشتنامەی گەڕیدەكان،بەتایبەتی ئەڵمانی و عوسمانی و وڵاتانی تری ئەورووپی،ئەمەش لەبەر ئەنجامی نەبوونی كتێبخانەیەكی دەوڵەمەند لە كوردستان كە تایبەت بە گەڕیدەكان بێت،كە سەردانی كوردستانیان كردووە لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژوویيدا. ئەمەش بەردەوام كێشەی سەرەكییە لەبەردەم قووڵبوونەوەی توێژەرانی تایبەت بە سەدەی نۆزدەهەم و لە دەست ڕانەگەیشتنیان بە سەرچاوەكانی سەدەی ناوبراو.

ئەم توێژینەوەیە: لە دەروازەییەك و چوار تەوەرەی سەرەكی كە بۆ چەند لقێكی جیا جیا دابەشكراون لەگەڵ دەرئەنجامی كۆتایی پێكدێت،لە دەروازەدا: كرۆنۆلۆژیای مێژووی زاخۆ لە سەدەی پانزەهەم تا نۆزدەهەم نووسراوە و شیكردنەوەیەكی مێژوویی نووسراوە،تەوەرەی یەكەم: تایبەتە بە گەڕیدەكانی بەریتانی و هۆكاری هاتنیان بۆ كوردستان و زاخۆ،هەریەكێك لەمانە بەجیا باس لە تێڕوانیان كراوە دەربارەی زاخۆ، تەوەرەی دووەم: تایبەتە بە گەڕیدەكانی فەرەنسی،نووسینی وشەی زاخۆ لەلای گەڕیدە فەرەنسیەكان بە شێوەیەكی جیاواز ناوی زاخۆ (Zacho) نووسراوە،دواتر كاریگەری هەبووە لە سەر نووسینی ئەو گەڕیدانەی پەیداكردووە كە بەزمانەكانی وەك ئینگلیزی و ئیسپانی نووسیوویانە. تەوەرەی سێیەم تایبەتە بە سەرنج و تێبینی مسیۆنێرە كریستانیەكانی بە ڕەگەز ئەمەریكی،تەوەرەی چوارەم، تەرخانە بۆ تێڕوانینی گەڕیدەكانی ئیسپانی و عوسمانی و ئەڵمانی كە بە شاری زاخۆدا گوزەریان كردووە و ماوەیەك تێیدا ماونەتەوە،سەرنج و

تێبینی ئەوان بایەخێکی بەرزی بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە مێژووی زاخۆدا هەیە.

سەرچاوەکانی توێژینەوە لەبەردەستی توێژەر بەچەند زمانێکی جیاجیا لەم توێژینەوەیەدا سوودییان لێوەرگیراوە،بەتایبەتی چەند سەرچاوەیەك،کە تایبەتە بە نووسینی گەشتنامە لەلایەن خودی گەڕیدەکانەوە نووسراون، وەك(أدولفوا ريڤادينرا(2009): من سيلان إلى دمشق) هەروەها گەشتی ئەفسەری سەربازی بەریتانی جی.شێلَ ( J. Shiel (1838); Notes on a Journey from Se'ert ،Bitlis،via Vân،Through Kurdistán،Tabríz in July and ،to Suleïmániyeh، and Erbíl 1836،August) و گەشتنامەی هێنری.ئەی ستێرن لە ئەنجامی بەسەرکردنەوەی جولەکەکانی کوردستان و وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیا ( Henry A. Stern(1854); Dawings of Historical and ،Light In The East with Biblical Statistical notices of person and places visited ،during a mission to the Jewish Persia ،Coordistan ،and Mesopotamia.،London)،ئەمە سەرەڕای سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی مێژوویی وەك: شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کە لە 1596 نووسراوە،سەرچاوەی یەکەمی بایەخدارە بۆ هەموو توێژینەوەکانی سەردەمی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد،هەروەها کتێبی (د.فاچل بيات(2007): الدولە العپمانيە فى المجال العربى: دراسە تاريخيە فى الوچاع الاداريە فى چوو الوپائق و المصادر العپمانيە). سوودێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە کردن لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژووی زاخۆ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا هەیە،بەتایبەتی لەڕووی کارگێڕی زاخۆ لەسەردەمە زووەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە سەدەی پانزەهەم بەرەو ژوورتر.

## 2. دەروازە

شاری زاخۆ و دەوروبەری،لەسەرچاوە مێژووییەکان گرنگی زۆری پێدراوە،هەروەکو لە سەرچاوە پێشینەکانی سەدەی شانزەهەم و دواتر لە مێژووی نوێ دا بەدیار دەکەوێت، زاخۆ جێگەی باس و مشتومڕی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و ئایینی و هەتا سەربازی بووە،یەکێ لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی سەدەی شانزەهەم (شەرەفنامە 1596)ی شەرەفخانی بەدلیسی(1543-1606)،لەبەشی سێیەمی شەرەفنامە کە تایبەتی کردووە بە حوکمڕانەکانی ناوچەی ئامێدی و دەرکەوتنیان لە بادینان،لە دوای ئاماژە کردن بە فەرمانڕەواکانی قەڵای ئاکرێ،دهۆك،دێرێ[1] بشری[2]،ڕادکان[3]،قلادە،شوش[4]،عومرانی[5] و بازیران[6]،دێتە سەر باسی زاخۆ و دەنووسێت:"یەکێ لە شار و پاشکۆکانی ئامێدی،ناحیەی زاخۆیە کە دانیشتوانەکەی لە عەشیرەتی سندی و سلێمانیە-سلیڤان لە نێو خەڵك دا ناوی(سندیان=سندی) بەسەر ئەم شارۆچکەیە هەڵدەدرێت، هەروەها زۆرترین زانا و چاکەکاری کوردستان تێیدا دەرکەوتوون،هەر لەکۆنەوە ناوچەیەکی میراتی-پشتاوپشتی تایبەت بووە، فەرمانڕەوایی سەربەخۆی هەبووە،کە ملکەچی فەرمانڕەواکانی ئامێدی نەئەبوون،بەڵام کاتێ فەرمانڕەواکانی لاواز بوون،فەرمانڕەواکانی ئامێدی هاتنەناوە {لە ساڵی 1533} و ئێستا نەوەی ئەو فەرمانڕەوایانە زاخۆ هەر لە ژیاندا ماوون و یوسف بەگ ناوێك خزمەتی فەرمانڕەواکانی جەزیرە {بۆتان} دەکات"[7]. حکومەتی عوسمانی شارۆچکەی زاخۆی لە پێش ئەو شارانە دانابوو کە گرنگییەکی زۆری پێدەدرا بەهۆی ئەوەی کە کەوتبووە سەر ڕێگای سەرەکی بۆ ئێران،شوێنێك بوو بۆ مامەڵەی بازرگانی و بازاڕێك بوو بۆ گوندنیشنەکانی دەوروبەری ناوچەی زاخۆ،لەسەرەتای سەدەی شانزەهەم لەسەر دەستی سوڵتان حوسێن کوڕی میر سەیفەددینی عەباسی(940-875ك/ 1470-1533ز) خرایە سەر میرنشینی بادینان کە پایتەختەکەی شاری ئامێدی بووە[8]،بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی لەوانە دەفتەری دارایی (دفتر مالى) بە ژمارە (563) لەنێوان ساڵانی 970ك-1563ز و 982ك-1574ز،شاری زاخۆ بە شارێکی گرێدراو لەڕووی کارگێڕی بە ویلایەتی بەغداد ناسێنراوە[9]،زاخۆ بەردەوام ناوچەیەك بووە لە سنووری ململانێی میرنشینی بۆتان و بادینان دابووە،هەروەها شوێنی پێکدادانی سەفەوی و عوسمانییەکان بووە لەسەرەتای دەرکەوتنی نێوانیان لەسەدەی شانزەهەم،کە ئەم دوو هۆکارە بوو بە هۆکاری تێکچوون و لەبارچوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری لە دوای هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی بادینان خرایە سەر ئیالەتی موصڵ بەناونیشانی قەزا لە 1266ك-1849ز[10].

هەروەها بەپێی دابەشبوونی سیستەمی کارگێڕی عوسمانی لەسەدەی شانزەهەم کە سەرچاوەکەی بەپێی دەفتەری ئەحکامی مالیەی عوسمانی بە ژمارە (563) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد،کە تایبەتە بە ویلایەتی بەغداد لەماوەی نێوان ساڵانی (976ك-1568ز) و (982ك-1574ز) زاخۆ لیوایەك بووە لە بیست و نۆ لیوایەکەی سەر بەویلایەتی بەغداد[11]،هەر بەپێی ئەو دەفتەرانەی وەك تۆماری دارایی عوسمانی ئاماژەیان پێکرا لە نێوان ساڵانی (954ك-1547ز) و (1014ك-1605ز) باس لە دامەزراندنی میری لیواکانی ئیالەتی بەغداد دەکات،لەوانە دامەزراندن و دانانی میری زاخۆ لە چوارچێوەی ویلایەتی بەغداد لە ساڵانی (994ك-1585ز) و (998ك-1589ز)،بەڵام بەبێئەوەی ناوی میری زاخۆ بهێنرێت و بنووسرێت[12]. لە سەدەی حەڤدەهەم زانیاری زۆر ورد دەرباری زاخۆ تۆمار نەکراون،بەڵام لە ساڵی 1772ز یەکێ لە زاناکانی کوردستان،بەناوی (شێخ تەها بالیسانی)[13] بە شاری زاخۆدا تێپەڕیووە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە مزگەوتی(الجامع)

شارەکە ماوەتەوە،باسی عەلی ئاغا دەکات کە (کەتخدا)[14]ی میری میرنشینی بادینان بووە،کە لە قەڵای زاخۆ دانیشتووە،هەروەها ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن لە قەڵاکە دابەزیووە و بۆ بەخێرهاتنیان،ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ڕێزگرتنی دەسەڵاتدارانی زاخۆ لە کەسانی زانا و لێهاتووی زانستی،هەر لەو گەشتەیدا ئاماژە بە کەسێکی بازرگان دەکات کە ناوی (عەبدول فەتاح) بووە،لە ئێوارەی گەیشتنیان بە زاخۆ خواردنی پێداون،لەکاتی ڕۆیشتنیان بەرەو ناوچەی بۆتان و جەزیرا بۆتان،لەکاتی جێهشتنی زاخۆ خەڵکی شارەکە لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە،ئەمەش یەهۆکاری ڕۆیشتنی کەتخدا عەلی ئاغا و عەبدولفەتاح و براکانی دوای ئەوەی کە لە ڕووباری خابوور دەپەڕنەوە[15].

لەدوای ساڵی 1851 دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری یەکخستنی کارگێڕی بۆ ئیالەتەکانی عێراق کە لە چەند ئیالەتێکی جیاواز پێکهاتبوون دەرکرد،ئیالەتی موصڵی کرد بە لیوایەك لە چوارچێوەی ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور(إيالە بغداد مع شهرزول)،زاخۆ بوو بە قەزایەك لە چوارچێوەی لیوای موصڵ لە ئیالەتی ناوبراودا،ئەمەش لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی (1284ك-1867ز) ئاماژەی پێکراوە[16]،هەرچەندە بەپێی سەرچاوەکان کەمترین زانیاری لەسەر ویلایەتی بەغداد هەیە،بەتایبەتی لە ئەرشیفی عوسمانی کەمترین زانیاری دەستدەکەوێت بەتایبەتی لەماوەی 1740-1849، هەروەها کەمکردنەوە و بچووککردنەوەی یەکەی کارگێڕی لەماوەی ئاماژەپێکراودا[17]،ئەمەش زۆرجار ئاستەنگی لەبەردەم دەوڵەمەندبوونی توێژینەوەکان دروستکردووە لەسەر لێکۆڵینەوە کردن و گەڕان لە سەر ناوچە جیاجیاکانی ناو سنوور و چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی. لەوانە: زاخۆ.

بەڵام زاخۆ لەسەدەی نۆزدەهەم، گرنگیەکی بەرچاوی پەیداکرد و زۆرێك لە گەڕیدەکان بەو شارەدا تێپەڕین یان بە ناوچەکانی دەوروبەری،یاخود بوو بە خاڵی تێڕامانی توێژەرانی مێژوویی و دانەرانی فەرهەنگی بەقەبارە گەورە،وەك شەمسەددین سامی کە لە کتێبەکەیدا دەنووسێت:"شارۆچکەیەکە،ناوەندی قەزایەکە لەسەر زێییەکی سەر بە دیجلەدا،نزیکەی 100 کیلۆمەتر لە باکووری خۆرئاوای مووسڵ..دایە،قەزای زاخۆ، لەوپەڕی باکووری خۆرئاوای ویلایەت دایە،لەگەڵ ویلایەتەکانی دیاربەکر و بەتلیس دا هاوسنوورە،ئەم قەزایە پێکەوە لەگەڵ ناحیەی سلیڤانی 100 گوندیان هەیە[18]. گرنگی شوێنگەی جیۆگرافی-سیاسی و ئابووری زاخۆ بۆتە خاڵی ئاماژەپێدان لە لایەن نووسەرانی سەدەی بیستەم وەك: ستیڤن هێمسلی لۆنگریك1883-1979( Stephen Hemsley Longrigg) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراق) دا،ئاماژە بە دەرگای سروشتی سەر خاکی عێراق دەکات کە لە باکووری دا موصڵە وەك چەقێك دیاریکردووە بۆ هاتنەناوەوەی لە دەرگای باکوور و خۆرئاوای،کە بەدوو ڕێگای سەرەکی دادەنێت،بەتایبەتی دەرگای باکووری واتە: شاری زاخۆ، کە لە ڕێگای شاری دیاربەکری گەورە(ئامەد) بۆ جەزیرەی ئیبنوعومەر[19] پاشان بۆ موصڵ بە ڕێگای زاخۆ[20] و ئەلقوش[21] دا. دیارە تا ئەم ڕووداوانەی دوایی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا،گرنگی جیۆگرافی-سیاسی و ئابووری و سەربازی و سروشتی ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی پەیداکردووە بۆ شارێکی وەك زاخۆ، بەتایبەتی لە داگیرکاری سوپای بەریتانیای مەزن لە باشووری کوردستان لە 1918 تا هاتنی سوپای ئەمەریکا لە 2003 بۆ ڕووخاندنی حزبی بەعس لە عێراق،دوای ئەوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوای کردنەوەی دەرگای باکووری عێراقی پێشکەش بە تورکیا کرد بۆ هاتنەژوورەوەی بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ڕزگارکردنی عێراق،کلیلی ئەو دەرگایە سنووری زاخۆ بوو،تا ئەمرۆ دەروازەی زاخۆ خاڵی بەهێز و ستراتیژی بەهێزی هەرێمی کوردستانە.

هەر بۆیە بە گەڕانەوەمان بۆ سەدەیەك بەر لەم ڕووداوە،کۆمەڵێك پسپۆڕ و ئەفسەری سیاسی بەرزی سوپای بەریتانیای مەزن لە ڕاپۆرتێکیان دا لەسەر باشووری کوردستان لە ساڵی 1923دا زۆر بە گرنگیەوە ئاوڕییان لە شاری زاخۆ داوەتەوە،زۆر بە وردی و بە پوختی لەسەر زاخۆیان نووسیووە:"زاخۆ دەکەوێتە لای باشووری خۆرهەڵاتی جەزیرە،نزیکەی 90 میلێك لێی دوورە،دوورگەیەکی بەردینە لەسەر ڕووباری خابوور،لەسەرووی شارەوە هاژە دەکات و دەڕژێتە دەشتێکی چەوینی بەربڵاو،پانی شارەکە (400) یاردە،پردێکی بەردین بەشی خوارووی شار بە سەرووی شار دەبەستێ،پردەکە لە وەرزی لافاودا ئاوی ڕووبار دایدەپۆشێ،هەوای شار بە قسەی کاربەدەستانی-خۆش و سازگارە،هەندێکیش دەڵێن نا سازە و لەهەوای (جەزیرەی ئیبنوعومەر=جەزیرا بۆتان) سەخت و تووشترە،سەبارەت بە تەشەنەکردنی مەلاریاش بە خراپ ناودەبرێت،وێڕای ئەوانەش ئاوی خابوور خۆی ناسازە، چونکە دێهاتی زۆر کەوتوونەتە بەشی سەرووی ئەم ڕووبارە،گەنم و جۆ و برنج و جۆرەها میوە لەم شارە وەبەرهەم دێن.دەوروبەری شاریش بۆ ئاژەڵداریی لە وەرگایەکی باشە هەندێ ڕاپۆرت وا دەگەیەنن کە لەبەرزاییەکانی باکووری زاخۆدا وەك: مارسیس و هارپول{هەربول ئێستا گوندێکە لە باکووری کوردستان} و شرانش{شەرانش} کانی خەڵووزی بەردین هەیە،دواکەوتوون"[22]. دەربارەی جیۆگرافیای مرۆیی زاخۆ هەمان کۆمەڵی پسپۆڕ درێژە بە ڕاپۆرتەکەیان داوە و دەنووسن:"زاخۆ مەرکەزی قەزایە و دانیشتوانی کورد و کلدانی،جولەکە و هەندێکیشی عارەبی تیا دەژین..کوردەکانی (گەر گەرییە) {ڕاستیەکەی: گەر گەری} کە لەبەری خۆرهەڵاتی دیجلە دا دەژین و لەبارەیانەوە شتێکی کەم دەزانین،لە نیوە ڕێگای نێوان

مووسڵ و زاخۆدا نیشتەجێن"[23]. لەم راپۆرتەدا كورتەیەك لەسەر پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت لەشاری زاخۆ هەتا چۆنیەتی پاڵاوتنی نەوتی ناوچەكە ئاماژەی پێكراوە،كە بەشێوەیەكی سەرەتایی لە دەرەوە و ناوەوەی زاخۆ دەپاڵێورێت بۆ مەبەستی بازرگانی و وزەی گەرماوەكانی خۆشوشتن لە ناو شاری زاخۆ بەكاردەهێنرێت[24]. لەوتارێكی كاپیتان ئێف. ئار. مانسڵ (F. R. Maunsell) لە 1901 دا،بەناونیشانی(كوردستانی ناوەڕاست– Central Kurdistan) باس لە هۆز و خێڵەكانی دەوروبەری زاخۆ دەكات،ئاماژە بە هۆزی ئەرتوش (Hartoshi) دەكات،كە دابەشی سەر دوانزە بەش یان تیرە دەبن و ناوچەكانی نوردوزێ (Nurduzi) و فەراشین(Farashin) دەستیان بەسەراگرتووە،زۆربەیان لە وەرزی زستان دا لە گوندەكانیان نیشتەجێ دەبن،لە هاویندا بۆ فەراشین،هەروەها هەندێ جار لە وەرزی زستانە كۆچ بۆ دەشتی دیجلەی نزیك لە زاخۆ دەكەن و ژیان لەناو ڕەشماڵەكانیان بەسەر دەبەن[25].

چەند ساڵێك لە دوای كاپیتان مانسڵ،دیپلۆمات و ئەفسەری سیاسی بەریتانیای مەزن مارك سایكس (Mark Sykes 1879–1919) لە نووسینێكیدا بە ناونیشانی(هۆزە كوردەكانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی– The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire) ئاماژە بە هۆزە نیشتەجێبووەكانی ناوچەی زاخۆ دەكات،وەك هۆزی هەوێری(Haweri) كە بە ئێزدی دەیانناسێنت و بە نزیكەی 300 خێزان لە نزیك زاخۆ دەژین[26]،هەروەها باس لە هۆزی ئەتروش (Hartushi) دەكات كە چەند لقە هۆز و تیرەیان لێدەبێتەوە،لەوانە مەهمەدا(Mamadan) كە دوو سەد خێزانە و هەندێ جارو بار بۆ نیشتەجێبوون بۆ نزیك زاخۆ دادەبەزن بەتایبەتی لە بەیخی داغ،هەروەها تیرەی گەودا(Gavdan) سێ سەد خێزانە،كۆچەریی و ناوبانگێكی زۆر خراپی تاڵانكاری و دزییان هەیە،میوان دۆست نین،بەڵام خاوەنی ئەسپی پەروەردەكراوی باشن،لە وەرزی بەهاران دا بۆ نیشتەجێبوون دێنە نزیك زاخۆ[27]،بەڵام ئەم بۆچوونانەی مارك سایكس لەسەر هەموو هۆزەكانی نیشتەجێی زاخۆ نییە،بەڵكو بۆ ئەو هۆزانەیە كە ژیانیان كۆچەری بووە و هەواری زستانە و هاوینەیان لە ناوچەی زاخۆ دا هەبووە.

لە لێكۆڵینەوەی جولەكەناسیدا زاخۆ زۆر گرنگی پێدراوە و بەتایبەتی بەشێكی دانیشتوانی شارەكە جولەكە بوونە،لەوانە بڵاوكراوەی گۆڤاری وەرزی جولەكە( The Jewish Quarterly Review) دەنووسێت:"زۆرترینی جولەكەكانی كوردستان لە ناوچەی زاخۆن،كە ناوەندێكی گەورەی گرنگی جولەكانە وەك: زاخۆ،كە دوورابییەكەی بە پەنجا میل لە باكووری خۆرئاوای موصڵ هەڵكەوتووە"[28]. دەربارەی تۆماركردنی ژمارەی كۆمیونیتی جولەكەكانی زاخۆ لەلایەن گەڕیدەكان،بەتایبەتی لەناوەندی شاری زاخۆ و دەوروبەری،بەپێی توێژینەوەیەك كە پاڵپشتە بە كۆمەڵێك داتای نێو سەرچاوەی گەڕیدەكان و گەشتنامەكان،بەتایبەتی لە مسیۆنێرە مەسیحییەكان و جولەكەكان كە سەردانی كوردستانیان كردووە لەماوەی ساڵانی 1835– 1944 وەرگرتووە،ژمارەی خێزانەكانی جولەكە لە شاری زاخۆ بە نزیكی گەیشتۆتە (600) خێزان لەماوەی سەد و نۆ ساڵ[29]،وەك خەمڵاندنێكی سەرەتایی ئەگەر هەر خێزانێك لە 5 كەس پێكهاتبێت ئەوا ژمارەی جولەكە لەماوەی سەد ساڵی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم نزیك بۆتەوە لە (3000) كەسی جولەكە كە لە شاری زاخۆ نیشتەجێ بوونە،ئەم ژمارەیە قەبارەیەكی گەورەی هەیە بەتایبەتی لە شارۆچكەیەكی بچووكی وەك زاخۆ لەو كاتدا،هەروەها لەماوەی سەد ساڵ دا دەردەكەوێت كە گەشەكردنێكی خێرا و بەهێز بۆ كەمینەیەكی ئاینی–نەتەوەیی وەك جولەكە لە شارێكی كوردستان دروستبووە،بەڵام لە ڕووی بابەتیبوون و زانستی ئەم ژمارەیە هێشتا لێكۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ سەلماندنی ئەم ژمارەیە،چونكە بەهەموو پێوەرەكان زاخۆ ئەوكات شارۆچكەیەكی بچووكی نێو كوردستانی باشوو بووە،چ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی تا ساڵی 1918ز و چ لە نێو سنووری مەملەكەتی هاشمی عێراقی لە نێوان ساڵانی 1918–1944زدا.

بایەخ و پێگەی زاخۆ لە لێكۆڵینەوە زانستیەكاندا ساڵ دوای ساڵ زیاتر بووە،لەوانە ئێچ. ئای. لیوید(H. I. Lioyd) لە گۆڤاری جیۆگرافی(The Geographical Journal) لە 1926 بابەتێكی بەناونیشانی (جوگرافیای سنووری كوردستان موصڵ) دەنووسێت: لە باشووری گردۆڵەكەكانی زاخۆ لە عێراق دادەبڕێت بەرەو سلۆپی بۆ ئەو شوێنە ئابوورییەی كە لەوێوە دەستپێدەكات،زاخۆ بەناوبانگە بەپێ ڕۆیشتن و پەڕینەوە لە خابوور،لە دۆڵی زاخۆ كوردەكان دەژین،ڕۆژانی زوو پێیان دەگوتن كاردۆخییەكان،كە هێرشیان كردە سەر گزنفۆن و دە هەزارەكە،باشترین ڕێگای مۆتۆرسواری بە زاخۆ دا تێدەپەڕێت،لەبارەی ڕۆیشتن و هاتووچۆكردن بە ماتۆر مەزەندەی دوو تا سێ میل دەكات لە زاخۆ بەرەو فیشخابوور،هەروەها ئاماژە بە پردێك لەسەرووی زاخۆ دەكات كە پەڕینەوە بەسەریدا قورس و زەحمەتە بەرەو بێرسڤێ(Bersivi) [30]،هەروەها لە وتارەكەیدا باس لە ڕەوشی زاخۆ دەكات و دەنووسێت:"خانەدانە كوردەكان دوو خانوویان هەیە،هاوینە و زستانە،لە هاویندا خۆیان و مەڕو ماڵاتیان بەرەو ناوچە بەرزاییەكانی چیاكانی باكووری زاخۆ و ئامێدی دەڕۆن،كە لە بازرگانەكانی موصڵ وەردەگرن،لە وەرزەكانی زستان و پایز و بەهاردا دێنە خوارەوە بۆ دۆڵەكانی نێوان زاخۆ و ئامێدی و ئاكرێ و موصڵ و هەولێر نیشتەجێ دەبن"[31].

### 1.2. تێڕوانینی گەریدەی بەریتانی:

لەسەدەی نۆزدەهەمدا،ژمارەیەکی بەرچاو لە گەڕیدەی بەریتانی سەردانی شاری زاخۆیان کردووە،یاخود زانیارییان لەسەر کۆکردۆتەوە و نووسیوویانە،هەتا ئەگەر بەناوچەی زاخۆ دا تێپەڕیوون،بۆیە گەڕیدەکانی بەریتانی بەسەر چەند ژمارەیەك دابەش دەبن و یەك بەیەك تێڕاونیینەکانیان لەسەر زاخۆ دەخەینە ڕوو.

1.1.2. **کلۆدیۆس جەیمس ریچ** 1787–1821( Claudius James Rich)[32]: لە ساڵی 1820 وەك کاربەدەستێکی گەورەی کۆمپانیای هیندی–خۆرهەڵاتی کە لە بەغداد نیشتەجێ بوو،سەردانی بەشی باشوور و خۆرهەڵاتی باشووری کوردستانی کرد،لە کۆتایی گەشتنامەکەیدا،پاشکۆییەکی وەك زانیاری سەرەتایی لە سەرناوچەی جەزیرا بۆتان و زاخۆ نووسیووە:"ڕووباری (خاموور) {خابوور}یش کە بەزاخۆدا تێپەڕ دەبێ،لە کێوەکانی ئامێدی هەڵدەقوڵێ و چوار سەرچاوەیشی هەیە،(ماکدۆناڵد کینەر) ئەم ڕووبارە و ڕووباری (سەعید)ی تێکەڵ کردووە. (فیشخابوور)یش ناوی دوانەی (هیزل) و (خابوور)ە. (هیزل) ماوە سەعاتە ڕێیەکی تریش لە (زاخۆ) و(سلۆپی) یەوە دوورە،هەردووکیشیان لە دامێنی (زاخۆ) بەیەك دەگەن و ڕووباری (شاخ) تێکەڵیان دەبێت. ڕێگاش لە (مووصڵ) ەوە بۆ (جەزیرە) {جەزیرا بۆتان} بەمجۆرەیە: تەل ئەسقەف: 6 سەعات،زاخۆ: 3 سەعات"[33]. بەپێیی مەزەندەکانی جەیمیس ریچ،ماوەی دووری نێوان موصڵ و زاخۆ نۆ کاتژمێر ڕێ بووە،هەروەها وەسفی ریچ بۆ زاخۆ و دەوروبەری زیاتر لە سەر ئاستی جوگرافیای سروشتی و گەیاندنە،بەڵام لە ئاستی جیۆگرافیای مرۆیی زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر زاخۆ تۆمارنەکردووە.

2.1.2. **ریچارد وود**1806–1900(Richard Wood)[34]: نێردراوی بەریتانی بۆ باشووری کوردستان لەلایەن باڵیۆزی بەریتانی لە ئیستانبوڵ لۆرد پۆنسۆنبی1770–1855( Lord Ponsonby)[35] لەماوەی حوزەیران تا ئەیلولی 1836 دا،کە هاوکات بووە لەگەڵ گەشتەکەی ئەفسەری دەوڵەتەکەی(بەریتانیای مەزن) لیۆت.کۆڵ.جەی.شیڵ،بەمشێوەیە باسی دەوروبەری زاخۆ و ناوچە و گوندەکانی چوارچێوەی زاخۆ دەکات هەروەها لە نامەیەکیدا کە لە 28ی حوزەیرانی 1836 لە موصڵ بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیای مەزن لە ئیستنابوڵ ناردوویەتی،تێیدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات،لە داگیرکردنی زاخۆ لەلایەن سوپای عوسمانی کە بۆتە هۆکاری پاشەکشەی هێزەکانی میر محەممەد پاشای ڕواندز،بۆ ناوشاری ڕواندزکە ماوەی نێوان 239 کیلۆمەترە،و دەنووسێت:"لەو کاتەی ڕەشید پاشا دەستی بە سەر جەزیرە و زاخۆ گرتووە،میری ڕواندز پاشەکشەی بۆ ناو هەرێمەکەی خۆی کردووە و خۆی لەناو قەڵای ڕواندز قایمکردووە،کە دەکەوێتە سەر دواوەی ڕووباری زاب"[36]. ئەمەش گرنگی پێگەی زاخۆ لە یەکلایکردنەوەی هاوکێشەی هێز لە نێوان ناوەندی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میرنشینی سۆران بۆ کۆتایی هێنان بە قۆناغێکی دوور و درێژ لە ململانێی سیاسی و سەربازی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم بە دیاردەخات.

3.1.2. **لیۆت.کۆڵ. جەی. شیڵ** (Lieut-Col. J. Sheil): لەگەشتەکەیدا لە ماوەی نێوان تەمموز و ئابی 1836 ئەنجامی داوە، بەناونیشانی:" تێبینیەکانی گەشتێك لە تەبرێز بەناو کوردستان و وان و بەتلیس و سێرت و ئەربیل و سلێمانی لە تەمموز و ئابی 1836 دا". لە کاتی پەڕینەوەی لە ڕووباری دیجلە دا،ئەو بەڕووباری دیاربەکر ناوزەدی کردووە،کە سەرەتای بەڕێکەوتنی ئەو بووە بۆ زاخۆ،دەنووسێت: لێرەوە زاخۆ و بۆتان لێك جیادەبنەوە،ئەمەش بە بەڵگەی جیاوازی سنووری نێوان ئەم دوو شوێنە کە هەریەکەیان لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینێکی جیاواز دابووە،لەوکاتدا دەسەڵاتی میر محەممەد پاشای ڕواندز لە زاخۆ زاڵبووە لەماوەی 1831–1836،جەی. شیڵ لەکاتی گەشتەکەیدا چەند سەرنجێکی درێژی لەسەر زاخۆ نووسیووە:"بەرەو لاچەپی کەناری ڕووباری دیجلەدا دابووین و پەڕینەوە،لەناو مێرگێکی سادەی شەش میلی پان دابووین،کە سنووری بۆتان(Buhtan) و زاخۆی لە یەکتری جیادەکردەوە،کە پێشتر ئەم ڕووبارە بۆ کەمتر لە 3000 هەزار پێ بەرزدەبوویەوە،لەم دواییانەدا بۆ کەمتر لە 2000 هەزار پێ بەرزدەبێتەوە، ڕێڕێ ڕۆیشتنەکەمان بەرەو باشووری خۆرئاوایە،پاش دوو میل گەیشتین بە سەروبەندی دیجلەدا،ڕاستایی ڕووباری خابوور،کە لە خۆرهەڵاتەوە دەڕژێتە ناوی و دەستپێکی ئەوپەڕی قووڵ و پانتاییەکەی پەنجا یاردە،بەڵام پانی و فراوانییەکەی کەنارەکانی لەوە دەچێت لە پاش بەهاراندا ببێتە 300–400 یارد بە فراوانی و پانی دا،پاشان ئێمە بەرەو پێشەوە چووین بەناو زەوی بەراوی کشتوکاڵی دانەچێنراو و مێرگەکەکاندا،لەسەروبەندی تەختاییەکی گەورە وەك ئەو وەسفەی کە ڕادەکشێت بۆ خۆرئاوا و باشووری لەسەرووی ڕۆخی ڕاستی دیجلەدا"[37]. هەر لە درێژەی گەشتەکەیدا جەی.شیڵ ئاماژە بە هاتنی سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی سەرۆك وەزیرانی پێشوو رەشید محەممەد پاشا[38] دەکات،کە ئامانجی رووخاندنی میرنشینی سۆران بوو:"ڕەشید پاشا تۆپخانەکانی بە کەشتی بارکردبوو بۆ شارۆچکەی زاخۆ،کە یەکێك بوو لەو شارۆچکانەی یان موڵکانەی میری ڕواندز،دوای دەستبەسەراگرتنی ئەم شوێنە پێویست بوو ڕەشید پاشا پۆپهاوێژەکانی بگوزاێتەوە و دەربازیان بکات لە سنووری زاخۆ،بەڵام خراپی ڕێگاکە زۆری لێکردبوو کەوا بیانێرێت بۆ کەناری خابوور و تۆپەکان بەسەر پردێك بیانگوێزێتەوە وەك ئێمە بەتەنها بەسەریدا

رۆیشتین کە لە نزیکی ڕێگاکەدا بوو بۆ دیجلە"[39]. ئەم تۆمارەی شیێل بەڵگەیە لەسەر گرنگی پێگەی زاخۆ لە ئاستی سەربازی و هاتنی گەورەترین هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر باشووری کوردستان بە دەروازەی شاری زاخۆدا،واتە کوردستان قەڵایەك بێت،ئەوا زاخۆ یەکێکە لە دەرگاکانی بەتایبەتی لە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدەهەم،ئەگەر بەڕووداوەکانی ئەمڕۆ ببەسترێتەوە،ئەوا زۆر لە یەکترییەوە دوورنین.

جەی. شیێل لە درێژەی گەشتەکەیدا باس لە ڕووداوێك لە نێو قەڵای زاخۆ دەکات،کە بینینی کەسێکی جۆرجی یە،کە بە دوای خزمەتکردنی ڕەشید محەمەد پاشا وێڵ بووە،هەوڵیداوە سەرۆکە عوسمانییەکەی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خزمەتی بکات وەك جۆرجییەکە وتوویەتی،هەروەها لە گەیشتنی بەناوچەی زاخۆ،لایەکی لە ڕووداوی دە هەزارەکەی گزنفۆنی یۆنانی[40] کردۆتەوە کە لە ساڵی 401 پێش زایین وەك سەرکردەیەکی سەربازی یۆنانی بەناوچەکەدا تێپەڕیووە،بەڕای جەی.شێڵ،ناوچەی زاخۆ بە شوێنەواری ڕووداوەکە نازانێت،دەنووسێت:"ئەمە لە سنووری زاخۆ دا نەبووە،کە ماکدۆناڵد کنێر لەسەر سووڕە،چونکە دەشتێکی فراوان و کەنارێکی بەرین بەرەو ڕووی دیجلە دا هەیە..و هیچ ڕێگایەك دیارنەبوو،بەرەو ڕووی سەرەو لێژی چیاکانی کاردۆخی کە بەسەر ڕۆخی ڕووبارەکەوە هەڵکەوتبن"[41]. ئەم وردبوونەوەیە،گوزارشتە لە بەراوردکردنی تۆبۆگرافیای ناوچەی زاخۆ بە تۆبۆگرافیای ناو نووسینەکانی گزنفۆن بەتایبەتی کتێبیەکەی بەناوی (ئاناباس)،کە لەسەر ڕووداوی دە هەزارەکە نووسیوویەتی.

لیۆت.کۆڵ.جەی.شیێل،لە ڕۆژانی کۆتایی گەشتەکەیدا لە زاخۆ دەنووسێت:"لە ناوچەی زاخۆ بۆ سێرت(Sert) بەناو ئامێدی (Amadiyah) دا،زۆر دەخایەنێت کە حەوت ڕۆژە ڕێڕۆیشتنە،کە لەلایەن ماکدۆناڵد کنێر خەمڵێنراوە،لە ئێوارەدا بەردەوامیمان دا بە ڕێڕۆیشتنەکەمان،لەپاش سێ سەعات یان نۆ میل دا،گەیشتین بە گوندی خەربەنووز(Kherbenuz) ڕێگایەکی بەرزە بۆ موصڵ لە قەڵا چۆڵبووەکە کە ڕاستەوخۆ لەباشوور و باشووری خۆرهەڵاتی دایە،بەڵام ئێمە بەرەو نزیکبوونەوە لە خۆرهەڵات ڕۆیشتین،لە خوارەوەی زاخۆ ئاوابووین،بەرێکەوت و جاروبار،بەڵکو ڕێگایەکی گردۆڵکەیە،بەڵام بەرەو لای زیاتری ڕاست دا پێدەچێت تەختایی زیاتر بێت،ئێمە هێشتا هەر گەشتەکەمان بەردەوامە بەناو هەمان مێرگ و هەوێرەکاندا،لەکاتی شەو دا گڕوگیای وشکبوو ئاگری پێدادەگیرسێنرێت"[42]. زانیارییەکی مێژوویی لەسەر قەڵای زاخۆ دەنووسێت کە بەچۆڵبوو دەبینێت،کە خۆی سەردانی کردووە و پشووی تێیدا وەرگرتووە بۆ کاتێکی دیاریکراو،دوای پەڕینەوەیان لە ڕووباری دیجلە لە ناوچەی دیاربەکر و بڕینی ڕێگای نێوان دیاربەکر و زاخۆ،ئەمەی بەهۆکاری بەردەوامبوونی شەڕی عوسمانی و کورد بەتایبەتی لە سەردەمی میرنشینی سۆران لەسەدەی نۆزدەهەم زانیووە،هەروەها هەڵمەتی فراوانخوازی و شەڕی ناوخۆی میرنشینەکان بەتایبەت لەنێوان سۆران و بادینان.

ئەو ئەفسەرە بەریتانییە کە ڕاسپێردراوە گەشتێك بە کوردستان بکات،بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و سەربازی لەناوچەکانی شەڕی کورد و عوسمانی،لە باشووری کوردستان،بەڵام لەهەمانکاتیشدا لە ناوچەی زاخۆ لای لە هەندێك دیاردە و کۆمیونیتی جیاوازی ڕەگەزی و ئاینی لە باشووری کوردستان تۆمارکردووە و دەنووسێت:"بەناو گوندی مێرگاسوور(Merjsur) تێپەڕین، لە خەربەنووزی شاری زاخۆ دەڵێن سێ کاتژمێر لە خۆرهەڵاتی باکووری خۆرهەڵات دایە،ئەو ڕێڕەوەی دەمانباتە ئەوێ پێیدەڵێن پاڤیژموو(Pavishmu) بەشی زۆری دانیشتوانی لە جوولەکەکان پێك دێت،نایابترین جۆری ترێمان لەو گوندە بینی،بەڵام ئەمە تەنها لەڕێگای دەبڕینی ناڕەزایی و سکاڵا بۆ ئەوەی بتوانین دانیشتووانی گوندەکە قایل بکەین بە فرۆشتنی هەر یەك لە خواردن و ئالیکی ئاژەڵ بە ئێمە،هەروەها بایەکی گەرمی شێلگیرانە بەتەواوی شەو هەڵیکرد"[43]. ئەم تۆمارکردنە مێژووییە،بەڵگەیە لەسەر پشتبەستنی کۆمەڵی کوردەواری لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بە بەرهەمی خۆماڵی،فرۆشتنی بەرهەمەکانی بە ناڕەزایی و سکاڵای کڕیار..! ئەگەر ئەمە لەسەر ئاستی باشووری کوردستان نەبێت،بەڵام لەسەر ئاستی ناوچەی زاخۆ بێت،جێگەی تێڕامانە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی سەدەکانی دواتر،هەروەها هۆکارێکی تر ئەوکات لە ئارا بێت،لەوانەیە،هەڵمەتەکەی ڕەشید محەمەد پاشا کە لە ساڵی 1836 بوو،خواردن و ئالیکی ئاژەڵانی لە ناوچەی زاخۆ لەگەڵ هەڵمەتەکەیان ڕاماڵی بێت،بە زۆر تاڵانیان کردبێت و ناوچەی ناوبراویان لە هەموو جۆرە پاشەکەوتکردنێکی خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی خواردن داماڵیبێت،کە ئەمەش کارەسات بووە بۆ دانیشتووانی ناوچەکە.

4.1.2. **فردریك فۆربس** (Frederick Forbes): لە گەشتێکی بۆ ناوچەی سنجار،کە ساڵی 1838 ئەنجامیداوە و دواتر وەك گەشتێك یادداشتی کردووە و لە 1839 بڵاویکردتەوە،باسی ژمارەیەکی زۆری ئێزدی نیشتەجێبوو دەکات لەناوچەو شارەکانی کوردستان،لەوانە زاخۆ[44]،دیارە ئەمەش نیشانەیەکی بەهێزە لە هەبوونی ئێزدی لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان،لەم چوارچێوە جیۆگرافیەدا زاخۆ،وەك نموونەی مەڵبەندێکی دیاری ئێزدییەکان بووە،بەتایبەتی دەوروبەری ناوچەی زاخۆ.

5.1.2. **ویلیام فرانسیس ئینسۆرپ** 1807–1896(William Francis Ainsworth)[45]: لە هاوینی 1840 سەردانی باشووری کوردستانی کردووە،سەرنج و تێبینیەکانی لەسەر زاخۆ نووسیوە و دەڵێت:"لە شارۆچکەکانی

زاخۆ و بەتلیس و سێرت و بۆتان،زنجیرە شاخەکانی هاوتەریبی ژمارەیەکی ئێجگارن زۆرن و درێژدەبنەوە و گشتگیرنین کە بەربەست بێت لەبەردەم هۆزە چیا نشینەکان،ئەمەش کەونێکە بۆ ئەوەی بەیەك لای تورکیادابن و باج بدەن هەم بۆ لایەکەی تر کە فارسە...هەروەها ئەم چوارشارە رەسەنەی کوردستان،بۆتان لە ژێر حوکمڕانی زاخۆ و جەزیرەی ئینوعومەر دایە{بەڵام فرانسیس ئینسۆرپ کەوتۆتە هەڵەوە چونکە زاخۆ و جەزیرەی بۆتان لە ژێر حکومڕانی میرنشینی بۆتان دابووە}،ئەم شارەی دوای{مەبەستی جەزیرەی بۆتانە} لەلایەن پاشا بێدەنگکرا لە 1834–1835،هەروەها هۆزەکانی باکووری کوردسان بۆ ملکەچ و تاعەت بوون لەلایەن حافزپاشا لە 1837–1838 بەیەکداهێنرانەوە"[46].

ویلیام فرانسیس ئینسۆرپ زانیاری ئاینی و گۆڕانکارییەکانی کەنیسەی خۆرهەڵاتی و دانانی قەشەی نوێ لەشاری زاخۆ تۆمارکردووە کە باس لە گۆڕانکارییەکانی قەشەی کەنیسەکانی خۆرهەڵاتی مەسیحی لە کوردستان دەکات،بەتایبەتی دوای دەرچوونی فەرمانی کەنیسە لە حوزەیرانی 1840 لە شاری موصڵ (مار پەترۆس) کراوە بە قەشەی زاخۆ و جەزیرە[47]. هەروەها لە نووسینێکی تری ئەم گەڕیدەیەدا شاری زاخۆی بەیەکێك لەو شوێنانە داناوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزەکانی ئێزدییە( Tribes of Izedis) دەنووسێت:" گوندەکانیان دەکەونە شارەکانی وەك زاخۆ،جۆڵەمێرگ،ئامێدی،جەزیرەی ئیبنوعومەر،مێردین و دیاربەکر"[48]. لەوانەیە ئەوگریمانیە بە ڕاست بێتەوە کەوا بەشێکی گوندی ئێزدییەکان لە ڕووی کارگێری سەر بە قەزای زاخۆ بن،یان کاری بازرگانی لە نێوانیاندا هەبێت،بۆیە ئاماژەی ئەوە دەکات کە گوندەکانیان دەکەونە چوارچێوەی شاری زاخۆ.

6.1.2. **جۆرج پێرسی باجەر**1815–1888( George Percy Badger) [49]: لە ماوەی ساڵانی 1842–1844 و 1850 گەشتێکی دوور و درێژی بەناوچەکانی کوردستانی عوسمانی ئەنجامداوە،بەتایبەتی لە ساڵی 1842 کە سەردانی ناوچەکانی مێردین کردووە،لەوێوەوە بە نسێبین و جەزیرەی ئیبنوعومەر و زاخۆ و دواتر تلکێف تێپەڕیوە،لە ڕۆژی 6ی تەشرینی دووەمی 1850 سەردانی زاخۆی کردووە و نووسیوویەتی:"دوای حەوت کاتژمێر لە ڕێڕۆیشتنی ئێمە بۆ زاخۆ،کە شارۆچکەیەکی بچووکە و لەسەر دوورگەیەك بنیاتنراوە،کە ڕووباری خابوور دەیکات بە دوو بەشەوە،لە چوارچێوەی پاشالیکی موسڵ دایە،لە وێدا هەندێ کلدانیمان دۆزیەوە،کە بیست خێزانی پاپەوی سریانی بوون،لەگەڵ کەنیسە و قەشەیەك،حەفتاماڵی جولەکە،ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە دەوروبەری 2000 کەس،کە سەرۆکەیان کورد بوو،لە ئێوارەدا سەردانی موتەسلیم مان کرد،ئەو چوار چای گەورەی سوڵتانیەکانی پێشکەشکردین پێشئەوەی بەجێمان بهێڵێت"[50]. لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا باس لە بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی زاخۆ لە سەردەمی میرنشینی بادینان لەسەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم دەکات،هەروەها ئاماژە بە هێرشی میرنشینی سۆران لەسەردەمی میر محەممەد پاشای رواندز لە 1831 دەکات،کە دوای هێرشی سوپای عوسمانی بۆ سەر کوردستان لە ماوەی 1836 و دواتر ئەم ناوچەیە خرایەوە سەر ئیالەتی موصڵ[51]،بەڵام ئەوەی شایانی باسە،جۆرج پێرسی باجەر،پاشکۆییەکی وەك لیستی ئەبرەشیە و ئەساقیفەکانی نەستووری نووسیووە،کە ژمارەی کڵێساکانی نێوان زاخۆ و جەزیرەی ئیبنوعومەر گەیشتۆتە (23) کڵێسا و (16) قەشە و (220) خێزان ئامادەییان هەبووە[52]. دیارە ئەم ئامارە نیشانەیەك لە بڵاوبوونەوەی چڕی دانیشتوانی کریستیانی لە نێوان زاخۆ و جەزیرەی ئینوعومەردا..بەڵام سەرنجێك لە بەراوردکردنی ژمارەی زۆری کڵێسا و کەمی قەشە و دانیشتووانێکی کەمی کریستیانی هەیە کە تۆماری کردووە،کە نزیکەی (220) خێزان بووە،ئەگەر هەر خێزانێك لە ئاستی مامناوەندی دا لە (7) کەس پێکهاتبێت ئەوا کۆی گشتی دەکات بە (1540) کەس. کە ئەمەش ژمارەیەکی کەمە بۆ ئەم ژمارە زۆرەی کڵێسا لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە دا. بەڵام ئاماژەی کۆتایی ئەوەیە کە کوردستان خاکی پێکەوە ژیانی ئاینەکانە،ئاساییە ئەم ژمارەیە هەبووبێت. بەڵام ئەگەر کۆتایی ئەوەیە کە لەوانەیە هەر گوندێك یان چەند گوندێك کڵێسا و قەشەی تایبەت بە خۆیان هەبووبێت.

7.1.2. **جۆن ئەشێر** (John Ussher): ساڵی 1864 سەردانی ناوچەکانی ئەوروپا لە بەلگراد بۆ باڵکان و کەنارەکانی دەریای ڕەش و لەوێوەو بۆ کریما و وڵاتی گورجستان و کافکاسیا و داغستان کردووە،ئەندامی کۆمەڵەی جیۆگرافیزانی شاهانەی لەندەن بووە. لە شاری نسێبینەوە بە ڕێدەکەوێ بۆ گوندەکانی دەوروبەری،دواتر بۆ شارۆچکەی زاخۆ کە بەبەلەم (کەڵەك) لە ڕووباری دیجلە دەپەڕێتەوە و گەیشتووە بە گوندێکی کلدانی بەناوی (نەهرەوان)[53]،کە یەکێکە لە گوندەکانی جەزیرەی ئیبنوعومەر،دوای شەوێك مانەوە لەوێ،بۆ ڕۆژی دواتر بەڕێ دەکەون و دوای شەش کاتژمێر ڕۆیشتن گەیشتۆتە زاخۆ.

بەم شێوەیە وەسفی زاخۆ دەکات:"ڕووباری خابوور تەسك، بەڵام قووڵ و خێراییە لە ڕۆیشتنی دا،ئاوەکەی خاوێن و ماسی زۆری تێدایە لە قەبارەکەیدا،بەڵام زۆر سەرسووڕمان بووە کە زانیوویەتی دانیشتووانی شارۆچکەکە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەوڵیان نەداوە ماسییەکان ڕاو بکەن و وەك خواردنێك سوودی لێوەربگرن،هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زاخۆ هەتا ئەم دواییانە بارەگای یەکێ لەسەرۆکە نیمچە سەربەخۆکانی کوردبووە،بەڵام لە ڕۆژی گەیشتنی بەڕێوەبەرێکی تورك سەرپەرشتی کاروبارەکانی شارۆچکەی زاخۆی کردووە،هاوشێوەی جەزیرەی ئیبنوعومەر لە فراوانییەکەیدا،زۆر

ماڵی وێرانبووی وەك جەزیرەی ئیبنوعومەر نەبووە،کە میر بەدرخان سەرۆکایەتی دەکرد،کە تورکەکان وێرانیان کردبوو[54]. لەدوای وەسفی بۆ بارودۆخی سیاسی و کارگێری زاخۆ،جۆن ئەشێر ئاماژە بە تەسکی بازاڕ و کۆڵانەکانی زاخۆ دەکات،هەروەها دەنووسێت:"زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی کە لە بازاڕ دەفرۆشران بیانی بوون،وەك کوتاڵی مانشیستەر بەتایبەتی لە جۆری کەتان،دانیشتووانی شارۆچکەکە تێکەڵەیەك لە کورد و کلدانی و ئەرمەن بوو،ئەرمنییەکان خاوەنی زۆربەی دوکانەکانی زاخۆ بوون"[55]. پاشئەوەی زاخۆ بەجێدەهیڵێت بەرەو باشووری موصڵ بە نێو چیای زاخۆ (زاخو داغ) کە زۆر بەرز نەبووە لە ئاستی دەریا،بەپێی بۆچوونەکانی جۆن ئەشێر،چیاکەی زاخۆ لە نێوان دوو تا دوو هەزار و پێنج سەد مەتر لە ئاستی بەرزی دەشتەکەیدا بەرزتر نەبووە. جۆن ئەشێر لەو ماوە کەمەی کە لە شاری زاخۆ ماوەتەوە،زانیاری زۆر وردی تۆمارکردووە،هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد،بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی بازار و کاری بازرگانی کە تێیدا ئەرمەنییەکان باڵادەستبوونە،کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر پێکەوەژیانی ئاینی،لەهەمانکاتدا بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ کاڵکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە کورد بە گشتی دەستێکی باڵای لە بە کۆمەڵ کوشتنی کریستنیانەکان بەتایبەتی ئەرمەنەکان لە سەدەی نۆزدەهەم هەبووبێت. کە پێکەوە ژیانێکی ئارام و سادە لە زاخۆ لەنێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان هەبووە.

8.1.2. **کاپیتان. ئێف. ئاڕ. مانسڵ** (F.R.Maunsell)[56]: لە گەشتێکی بۆ کوردستان لە ئابی 1892دا، بەمشێوەیە باس لە بارودۆخی کوردستان و دەوروبەری زاخۆ دەکات،بەتایبەتی لە بیروباوەڕی ئاینی و دیاردەکانی خوداپەرستی و پەیمانبەستنی هاوڵاتییەکانی ئەو ناوچەیە وەك بەشێك لە خوداپەرستی و دەنووسێت:"بیروباوەڕی ئۆلی بەتایبەتی لەلای کوردە کۆچەرییەکان لەدەرەوەی ئەو کاریگەری و ئەو عەقیدەی موسڵمانەکانی دوای سەردەمی بنەڕەتییە کە زۆر ئاساییە کە بەرەو سەردەمی زووە،یەکێ لە بنەماکانی ئەو خوداپەرستییان هێنانەکایەی پەیمانە،بەتایبەتی لەلای گۆڕی ئەو پیاوچاکانەی هەن،یەکێ لەوانەی زیارەت دەکەن (زیارەتگا–Ziaret) مەزارگای خەلیل ئاغا وار ( Khalil Aghawar) ە {لەوانەیە مەبەستی مەزاری ئیبراهیم خەلیل بێت}،لە نزیك شارۆچکەی زاخۆ،کە ڕێزێکی تایبەتی هەیە،کە لەسەر ڕێگای گشتییە،زیاتر کۆچەرەکانی بە پێی وەرزەکان بەکاردیدێنن،مەزارەکە لەنێو دارستانێکی جەنگەڵستانیدا کە لە ژێر تۆپەڵە بەردەڵانێك دایە وون بووە"[57]. ئاماژە کردن بە دیاردەیەکی لەم بابەتە ئاینییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕوی بڵاوبوو لەنێو تاکەکانی ئەوکات،سەرنجدانێکی مێژوویی وردە لە سەر ناوچەیەکی پەراوێزخراوی وەك زاخۆ،کە دەوڵەتی عوسمانی هیچ گرنگیەکی بەو ناوچەیە نەدەدا،بەڵام تۆمارکردنی ئەم زانیارییە،لەبەرئەنجامی کارەکانی ئێف.ئاڕ. مانسڵ بووە،کە سەردەمانێك وەك کونسوڵی دەوڵەتی بەریتانیا کاری لە کوردستان کردووە.

2.2. **تێڕوانینی گەڕیدەی ئەمەریکی:**

1.2.2. **دکتۆر ئاسێڵ گرانت** 1807– 1844( Asahel Grant): وەك مسیۆنێرێك لە لەگەڵ کۆمسیۆنی ئەمەریکی بۆ کاری موژدەدەری لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم هاتۆتە ئێران و دواتر بۆ ناوچەکانی ورمێ و بادینان و بۆتان و لە شاری موصڵ کۆچی دوایی کردووە لە 24ی نیسانی 1844دا، چەند کتێبێکی لەسەر بارودۆخی نەستوورییەکان و ژیان لە کوردستان نووسیووە،لەسەردانێکی بۆلای میر بەدرخان بەگی بۆتان،وەك بە دەسەڵاتدارترین و بەهێزترین سەرۆکی کوردستان لە قەڵەمی دەدات،هەروەها لە پاش پێنج رۆژ بە پێ ڕۆیشتن دەگاتە بارەگای سەرەکی میری بۆتان کە بە شارۆچکەی زاخۆ تێپەڕیووە و لەوێشەوە بۆ جەزیرەی بۆتان،دیارە زاخۆ وەك ناوەندێکی سەر ڕێی هاتووچۆکردنی مسیۆنێرەکان تەماشاکراوە،وەك ئەوەی لە گۆڤاری زە میشینەری هێراڵد (The Missionary Herald) لە نۆڤەمبەری 1843 نامەیەکی دکتۆر گرانت کە لە 5ی تەمموزی هەمان ساڵ دا بۆ گۆڤارەکەی ناردووە لە شاری بۆستنی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە[58]. هەروەها دکتۆر ئاسێڵ گرانت لە کتێبەکەی بەناونیشانی (ژیان لە کوردستان–Life in Kurdistan) کە لە 16ی ئابی 1842 نووسیوویەتی:"دوای بڕینی ناوچەکانی ئاشیتێ(Ashtithe) بۆ زاخۆ،لە مەودای چوارکاتژمێر دا گەیشتین بە زاخۆ،لە ڕێگای سەرکەوتن بەسەر لوتکەی چیاکاندا بەرەو ڕوو خۆرئاوای باشووری خۆرئاوادا ڕێمانکرد"[59]. هەروەها ئاسێڵ گرانت لە گەشتەکەی بۆ کوردستان و وڵاتی فارس لە ژێر ناونیشانی (نەستوورییەکان و وونبوونی هۆزەکانیان– The Nestorian or The Lost Tribes) کە لە ساڵی 1843 لە لەندەن چاپ و بڵاوکراوەتەوە،تایبەتە بە باسکردنی شوێنی نێشتەجێبوونی نەستوورییەکان،وەك شارو شارۆچکەکانی سنووری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لە ئێران کە نەستوورییەکانی تێیدا نیشتەجێ بوونە،لەوانە شاری زاخۆ،کە لەدوای هەر یەکە لە شارەکانی

موصڵ،کەرکوک،بەغداد،مێردین،دیاربەکر و سێرت دێت،ئینجا زاخۆ لە دوای شارەکانی وەك: ئاکرێ،ورمێ و سەلماس دێت،هەروەها ئاماژە بەوە دەکات نەستورییەکان بەشێکن لە کەنیسەی رۆمە کاتۆلیکەکان،بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە کەلدانییەکان خۆیان بەمە ناوزەد دەکەن کە مەبەستی لە نەستوورییەکانە،هەروەها دەنووسێت:"دوای ئەوەی لە کەنیسەی کاتۆلیك لە برایەتیدا نەمان ناوی نەستووریان هێنایە کایەوە"[60]. لە کۆتاییدا ئاماژەی ئەوە دەدات کە هەندێك لە نەستوورییەکانی کوردستان و وڵاتی فارس خۆیان بە سریانی ناوزەد دەکەن.

2.2.2. **هێنری لەبدێڵ** (Henry Lobdell. M.D): لە یادداشتە رۆژانەکەیدا لە 20ی تەشرینی یەکەمی 1852 دا ئاماژە بە دیاردەیەك دەکات کە مەسیحیەکانی بەنەتەوە کلدانی لە ناوچەی زاخۆ، مەزهەبی ئاینی خۆیان گۆڕیووە بۆ پرۆتستانتی، سەربووردەیەك دەگێڕێتەوە کە سێ کلدانی لەگوندە مەسیحییەکانی تیاری (Tiyari)[61] زاخۆ سەردانی موصڵیان کردووە،گوێبیستی ئەوە بوونە کە ئەمەریکییەکان پارەی باجی ساڵانەی خانوو لە جیاتیان دەدەن،کە بۆ هەر یەکێکیان دوو سەد پیاستەر[62] دەدەن،بۆ هەر مانگێك،دەسەڵاتی ئەوەیان پێدرابوو کە لە جیاتی هەموو دانیشتووانی گوندەکە پەیماننامە مۆر بکەن[63].لە رۆژی 15ی دێسەمبەری 1855 دکتۆر لەبدێڵ لە نامەیەکی دا باس لە یاخیبوونی کوردەکان(Koordish Rebellion) دەکات، کە باسەکەی تەرخانکردووە بۆ یەزدان شێر کە خەریکی کۆکردنەوەی سەرباز و رێکخستیان بووە دژ بە دەوڵەتی تورك (عوسمانی)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە یەزدان شێر لە رێگەی سەرۆکەکانی ترەوە بەزوویی توانی زۆربەی هێزەکانی لە کوردستان رێکبخات،کاراکتەری ئەو کە لە رووداوەکان بۆمنی دروستکردووە،حەز بە مژینی خوێنی هەموو ئێزدی و جوولەکە و کریستیانەکان دەکات،باس لە هاتنی عوسمان پاشا لە مێردینەوە دەکات،کەوا هێزێکی گەورەی سەربازی لە عەرەب و ئەلبانی و چەند سەد نیزامییەکی ئاسوورییەکانی خابۆی (Khaboo) لەگەڵ دایە،کە ئامادەکارییان کردووە هێرش بکەنە سەر کوردەکان و دەنووسێت:"پێشئەوەی هێزەکە ناوچەکە بەجێبهێڵێت لەلایەن برای یەزدان شێر،هێرشیان کراوەتە سەر هێزی تورکەکان،زۆری دواخستوون و عوسمان پاشا بڕیاری داوە کە گەمارۆ بخاتە سەر جەزیرە،پەیامنێری رۆژنامەی زە لەندەن دەیلی نیوز( The London Daily News) میستەر مك.کۆین( Mr. Mc. Coan) لە ئیستانبوڵەوە بەرەو موصڵ هاتووە و ئازایەتی کوردەکانی ئەو ناوچەیە و بەرگریکردنەکانی زۆر بەسەرسامی بینیووە،هەتا سەردانی ئۆردوی (سەربازگەی) عوسمانییەکانی لەو ناوچەیە کردووە"[64]. بۆیە ناوچەی زاخۆ لە یەکلایکردنەوەی کێشەی ڕاپەرینی یەزدان شێر و هەڵمەتی نوێی عوسمانییەکان بۆ سەر کوردستان لەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم،بایەخێکی تری پەیداکردەوە. هەروەکو دکتۆر لەبدێڵ دەنووسێت:"یاخی بوون بۆ موصڵ گەڕایەوە،هەر چۆنێك بێت لەم ئان و ساتەدا دەسەڵاتداران،بەڵێنی پارێزگاری و ئارامیان دا و هێزەکەی عوسمان پاشا بڵاوەیان لێکرد،خۆشی گەڕایەوە مێردین و یەزدان شێر سەرکردایەتی جەزیرەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بگاتەوە برایەکەی،بۆ ئەوەی ناوچەی سێرت و زاخۆ بگرن کە لەلایەن کوڕی سەعید بەگ بەڕێوە دەبرا،کە بەدرخان بەگ کوشتبووی،کە ململانێیی کردبوو،بەهۆی دژایەتیکردنی لەسەروبەندی یەکەمین کۆمەڵکوژی نەستورییەکان"[65].

3.2.2. **هۆراتۆ ساوسگەیت** (Horatio Southgate): یەکێکە لەو گەڕیدە ئەمەریکیانەی کە سەردانی شاری زاخۆی لەسەدەی نۆزدەهەم دا کردووە،لە وەسفێکی زۆر پوختی شارەکەدا نووسیویەتی:"لەمێژووی ئەم دواییانەی وڵاتەکەدا شاری زاخۆ شارێکی بەناوبانگە،لەسەر دوورگەیەك هەڵبەستراوە،لەسەرووی دوورگەکەدا پردێك هەیە،بۆ چوونە ناوەوەی زاخۆ،کە تاکە رێگەی بەستنەوەی شارەکەیە،هەروەها قەڵایەکی کۆن هەیە،کە یەکێ بوو لە قەڵا کۆنە بەهێزەکانی ناوچەکە،بەڵام ئێستا وێران بووە،ئێستا زاخۆ لە تەواوی وڵاتەکە جیاوازە،ئێستا لە سەد خێزان زیاتر نییە،کە پێنجییان سریانی و هەندێکیان جولەکە،شارۆچکەکە هەر چۆنێك بێت سەرپەرشتی کارگێڕی 300 گوند دەکات،بەڵام زۆربەیان وێران بوونە،حاکمی شارەکە ئیبراهیم ئاغای یەکەم،کێڵگە کشتوکاڵیەکانی شارۆچکەکە بایی 300,000 قروشی عوسمانین،کە دەکاتە نزیکەی (13000) هەزار دۆلاری ئیسپانی و (2775) هەزار جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی"[66]. زانیارییەکانی ساوسگەیت،بۆ چەند ئاستێك دابەش دەبن،کە لەهەمووی گرینگتر بابەتی باج لەسەر دانیشتووان،کە لەسەدەی نۆزدەهەم بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتی عوسمانییەکان بۆ کوردستان و رووخاندنی میرنشینەکان،توندترین سیاسیەتی چەوساندنەوەی ئابووری

پەیڕەوکرا لەوانە: زۆرکردنی ڕێژەی باج و بەرزکردنەوەی لەسەرکۆی دانیشتووان. کە ئەمە ڕۆڵێکی خراپی بینی لە بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەخۆشی و دیاردەی وەك دزیکردن و تاڵانکاری. هەروەها لە درێژەی گەشتەکەیدا دەنووسێت:" شارۆچکەی زاخۆ بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و بەناو تەنها 13000 دۆلاری ئیسپانی وەك باج دەدات،هەر کەسێك 18000 تا 20000 هەزار قروش قەرزدارە،کە شارۆچکەکە بە شێوەیەك دیاردەیەکی زۆر ناخۆش و سیستەمێکی لەناوبەرانەی دۆزەخانە بەڕێوەی دەبات،زۆربەی خەڵکەکەی بەکاری کشتوکاڵیەوە سەرقاڵن،پادشای موصڵ فشار دەخاتە سەر حاکمی زاخۆ،ئیبراهیم ئاغا بۆ ئەوەی ساڵ دوای ساڵ فشار بخاتە سەر دانیشتوانی ناوچەکە بۆ کۆکردنەوەی باج"(67).

وا دیارە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی خۆجێی بەکارهێناوە بۆ بە دۆزەخکردنی ژیان لە زاخۆ. فشارکردنی ساڵ لە دوای ساڵ لەسەر دانیشتووانەکەی بۆ کۆکردنەوەی داهاتی باج بۆ خەزێنەی دەوڵەتی عوسمانی،هەر لەدرێژەی گەشتەکەیدا هوراتۆ ساوسگەیت هەڵمەتی سوپایی ڕەشید محەمەد پاشای عوسمانی بیردەهێنێتەوە کە لە دەروازەی شاری زاخۆ پردێکی وێرانبووی بینیووە و دەنووسێت:" لە دەروازەی شاری زاخۆ پردێکی وێرانبوومان بینی کە لەلایەن هەڵمەتەکەی ڕەشید پاشا لەنێوان 1835–1836 وێرانکرابوو،ئەم کاولکارییە لە بیرەوەری خەڵك ماوەتەوە،ناوی سەرکردەی هەڵمەتەکە ڕەشید پاشا لە گۆرانی خەڵك و حەیران و لاواندنەوەی کوردەکان گوێ بیست دەبووم"(68). ئاماژەییەکی گرنگە بۆ مێژوویی ڕووداوەکان بەتایبەتی لە تۆمارکردنی وێرانکاری و توندوتیژی سوپای عوسمانی بەڕێگەی مێژووی زارەکی.

4.2.2. **میستەر مارش** (Mr. Marsh): لە 24ی تەشرینی یەکەمی 1853 کە لەشاری موصڵ نامەیەکی بۆ گۆڤاری ( زە میشینەری هێراڵد–The Missionary Herald ) نووسیووە، ئاماژە بە گەشتەکەی پزیشکی مسیۆنێر دکتۆر لەبدێڵ دەکات،لەهەمان کاتدا هەمان پزیشك نامەیەکی بۆ گۆڤارەکە ناردووە ڕوونکردنەوەی ئەوەی داوە لەو گەشتەی کردوویەتی،سەردانی ناوچەی بۆتانی کردووە،لەوێوەوە بۆ زاخۆ و تییاری کە گەشتێکی گەورە بووە و دەنووسێت:"من و بەڕێز ویلیامین،بە سەلامەتی ئەوانمان لە ئاشیتێ (Asheta) بەجێهێشت،کە بەڕێگایەکی زۆر باش و چاك و ڕاستەوخۆ گەیشتینەوە موصڵ"(69). ئەمەش دیارە کە زاخۆ وەك سەر ڕێی تێپەڕینی مسیۆنێرەکانی ئەمەریکی بەکارهاتووە،کە لەهەمانکاتدا وەك گەڕیدەیەك دەرکەوتوونە. بەڵام لەبەرئەوەی ناوەندی شاری زاخۆ زۆربەی موسڵمان و جولەکە بوونە،نەبۆتە خاڵی سەرنجکێشی مسیۆنێرەکان بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر شاری زاخۆ بنووسن. بەبەراورد لەگەڵ شارۆچکەیەکی وەك ئامێدی،لەبەر هەبوونی ژمارەیەکی دیاری کریستیانەکان،مسیۆنێرە ئەمەریکییەکان زۆریان لەسەر نووسیووە بەتایبەتی لە گۆڤاری زە میشینەری هێراڵد( The Missionary Herald) .

لە ڕۆژی 23ی ئاياری 1857 مارش (Marsh) سەردانی ناوچەی زاخۆ و گوندەکانی دەوروبەری کردووە و دەنووسێت:"ڕۆژی شەممە 23ی ئایار ئەو ڕێگا نەریتیەی کە بەناو زاخۆدا تێپەڕدەبێت بەجێم هێشت،ئەو ڕێگایەم پاراست کە گزنفۆن و دە هەزارەکە پێی تێپەڕیبوون،دەشتەکەی لە ژێر سێبەری چیاکانی دابوو،زۆر ڕوون و ئاشکرابوو،کە بەهاری ئەم ناوچەیە لە شاخەکانەوە دەردەچێت. ئێستا کاتی پڕبوونی ڕووبارەکان و تەقینەوەیانە،بۆ چوونە خوارەوەی بەو دەشتانەی کە بەهێڵێکی زیوینی بۆ نێو دیجلەدا ڕەت دەبێت،کوردەکان بەرەو خۆرئاوا،هەروەها چاندنەکەیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ زەویە بەردەڵانییەکان،ئەسپسوارەکان بە ڕم ڕووبەڕووی ئەسپسوارە عەرەبەکان دەبوونەوە،درەختە بەهارییەکان لەسەرووی قەڵبەزە ئاوەکان دابوون،لە هەر شوێنێك گۆڕ هەبوایە ئەوا پیرۆز دەکرا،بەشوێنێکی پیرۆز دادەنرا،باخەکان سێبەرێکی مردوو و ترسێنەریان هەبوو،زۆر گوندمان تێپەڕاند. لوتکەی زۆر چیای بەردەڵانی و درێژ بەرەو ڕوومان بوویەوە،بۆ ئەو شوێنەی کوردەکان و گزنفۆن تێیدا بەیەك گەیشتن و شەڕەکەیان یەکلایکردەوە، هەر یەك لەو دوو لایەنە(کاردۆخییەکان و گزنفۆن) خەباتیان بۆ دەستگرتن و مانەوە بوو بەسەر شاخەکاندا بەرەو خۆرهەڵات..بەڵام دیسپلین و توندی و چووستی و چالاکی و ئازایەتی سەرکەوتنی یۆنانیەکانی بەدەستخست،ئەو ڕۆژە دە هەزارەکە پەڕینەوە هەروەکو ئێمە کردمان"(70). ئەم تێبینیەی میستەر مارش،زیاتر لەسەر دەوروبەری شاری زاخۆ و دیاردەکانی سروشتی و مێژووی دێرینی و هاتنی گزنفۆن و دەهەزار سەربازەکەی یۆنان ڕەنگدەداتەوە،بەڵام یەك لە دیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لە زاخۆ کە سەرنجی گەڕیدە مسیۆنێرەکانی ڕاکێشابێت،بابەتی گۆڕی پیاوچاکان بووە،دیارە ئەوکات و تا ئێستا مەزارگەی کەسایەتییە ئاینیەکان لەو ناوچەیە ئامادەییەکی هەبوویێت و هەیە.

شایانی باسە،ئەوەی لە میستەر مارش تێبینی دەكرێت و جیاوازی لە گەڕیدە مسیۆنێرەكانی تری ئەمەریكی،زیاتر لەخەمی ئەو گوندە مەسیحیانەدا بووە كە سەردانی كردوون،لەوانە (نەهرەوان–Nahrewan) كە چوونەتە سەر ڕێبازی پرۆتستانتی،لەهەمانكاتدا كێشەی مامۆستایەكیان هەبووە كە ڕۆیشتوە بۆ بۆتان،دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەمان گوند،ئەو مەبەستییەتی جارێكی تر ئەم مامۆستایە كە ناوی قەشە ئیشایح (Eshaiah) بووە،كە لەماوەی 1848–1850 چۆتە سەر رێبازی پرۆتستانتی مەسیحی،دواتر لە گوندەكەی (نەهرەوان) كێشەی لەگەڵ خەڵك بۆ دروستبووە،لەماوەی گەڕانەكەیدا چۆتە ئەوگوندە و بەدرێژایی باسی گوندەكە دەكات كە بە ناو زاخۆدا تێپەڕیوە،زۆر بەدرێژی باسی هەموو وردەكارییەكانی ناو شاری زاخۆی نەكردووە[71]. وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا.

### 3.2. تێڕوانینی گەڕیدەی فەرەنسی:

**1.3.2. كۆنت دوسێرسێ** (Kaulnt De Sercey): باڵیۆزی بەرزی دەوڵەتی فەرەنسا لە ئێران لەماوەی 1839–1840،سێ جار گەشتی بە كوردستان دا كردووە،جاری یەكەم لە تەرابزۆن بەناوخاكی باكووری كوردستان،جاری دووەم لە تاران بۆ خۆرهەڵات و باشووری كوردستان،جاری سێهەم لە بەغداد بۆ توركیا بەنێو باشوور و باكووری كوردستان تێپەڕیووە،لەگەشتەكانیدا چەند كەسانێكی پسپۆڕهاوشانی بوونە،وەك ئەندازیارو راهێنەری تۆپخانە و كەشیش و چەند پسپۆڕێكی سەربازی[72].

دوای گەیشتنی كۆنت دو سێرسێ بە زاخۆ،كە رێگای گەیشتن بە زاخۆ بەسەخت و قورس ناوی بردووە،ئاماژە وردەكانی بۆ بارودۆخی ناوخۆیی و ژیانی دانیشتووانی زاخۆ سەرنجی ڕاكێشاوە،بەتایبەتی لە بابەتی خواستنی شەكر لەلایەن فەرمانڕەوایی زاخۆ،لە دووبارە داواكردنەوەی شەكر لەلایەن هەمان كەسەوە،جۆرێك لە خۆبەزلزانین و بەخشندەیی پێشاندان لە یەك كاتدا لەلای كۆنت دوسێرسێ بەدەردەكەوێت وەكاتەمیهرەبانییەك لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی زاخۆدا،بەچاوێكی نزمتر لەخۆی سەیری دەكات،هەروەها ئاماژە بە چووڵبوونی قەڵای زاخۆ دەكات،ئەمەش دوای هەڵمەتەكانی سوپای عوسمانی بووە بۆ سەر میرنشینەكانی سۆران و بادینان،بەڵام ئەوەی پاسەوانی كردووە،محەمەد پاشا ئینجەبەیرەقداری والی موصڵ بووە،هەر بۆیە بەگەیشتنی بە زاخۆ دەیەوێت پاسەوانەكانی والی ناوبراو بنێرێتەوە و دەنووسێت:"دوای تێپەڕین بە نێو گوندێكی ڕازاوەدا بەناوی (ئاسیهێ–Asscia)،كەوتبووە نێو چیاكانەوە،بەرەو باكوور وەرچەرخاین و چووینە نێو تەنگەی (زاخۆ)،نزیكە لە گوندێك بەهەمان ناوەوە.. دووسەعاتی تەواو بە نێو بەردەڵانەكاندا هەڵزناین و تەنانەت پارچەیەكی زەوییەكی نەرممان نەدیتەوە،هەندێك جاریش دەگەیشتینەوە ئەو ڕێژاوانەی كە درەختی ژاڵەی زۆریان تێدابوو. ڕەوتی ڕێگەكەمان پڕ گرفت بوو،بەڵام نازانم ئەم سروشتە دڕەندەیە چی لە خۆیدا حەشارداوە،وەها منی بۆ لای خۆی ڕاكێشا. ڕەنگە گزنفۆن هەر لەم ڕێگایەوە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش بەرەو یۆنان گەڕابێتەوە،نیوە شەو گەیشتینە (زاخۆ)،كە دەكەوێتە دەرەوەی تەنگەكە لەم ساتەدا زۆر ماندوو بووین،ئەسپەكانیشمان چیتر نەیاندەتوانی بە پێوەبوەستن. ڕۆژی دواتر لێپرسراوی ئەو دەڤەرە هاتە پێشوازیمان،گوتی گوندەكەم لە بازنەی حوكمڕانی مووسڵ دایە و ئەو پاسەوانانەی (محەمەد پاشا) بۆ ئێمەی تەرخان كردبوو،لێرە پێویستە بڕۆنەوە كاروانەكەم دابوویە زیادی و نەمدەتوانی ئەگەر پەلامار بدرێین خۆبپارێزین،ئەمەش تەنها شتێ بوو گومانم دەكرد ڕوویدا داوای چاوساغیم لە (موسلیم) {لەوانەیە مەبەستی لە وشەی المتسلم[73]} بێت،كرد و بەبێ دەردەسەری. كەوتینەڕێ،بۆ ئەوەی شتێ لەبارەی هەژاری و نەداری دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بخەمە ڕوو،دەڵێم (موسلیم)ی لێپرسراوی ئەم دەڤەری (زاخۆ)یە،هاتە بەردەمم و داوای چەند پارچە شەكری بۆ یەكێك لە ژنەكانی لێكردم،چونكە نەخۆشە،بێگومان منیش شەكرم دایێ. ڕۆژی دواتر هەر چەندە دڵنیا نەبوو دەست و دڵ فراوانیم درێژە دەكێشێ یان نا داوای ئاڵووێری چەند پارچە شەكرێكی لە بارتەقای باشترین ئەسپەكانی خۆی لێكردم،منیش پێشنیازەكەیم وەرنەگرت،بەڵام كاتێ گوندەكەمان بەجێهێشت،فەرمانم دا بڕە شەكرێكی دیكەی بۆ ببەن،بە بڕوای ئەو،بە كەسێكی زۆر سەخاوەتمەند هاتمە بەرچاوی،(زاخۆ) قەڵا و حەسارێكی وێرانی لێیە و (موسلیم)ی تێیدا دەژی،ئەم قەڵا و حەسارە كەوتۆتە لای چەپی ڕێگەكەمان،جۆگەلەیەك بەینی حەسارەكەدا دەكشێ،بەرەو خۆرئاوا كەوتینە جوڵە،بەنێو پێدەشتێكی بەرفراون و چۆڵدا گوزەرمان كرد،كەوتینە بەرامبەر یەكێك لە لقەكانی ڕووباری (هیزل–Yssel) كە بە خوڕ لە چیاكانەوە هەڵدەقوڵێ و پاش كەمێ دەڕژێتە دیجلەوە. ڕەوتی ئاوەكە زۆربە خوڕ و قووڵبوو"[74]. شایانی ئاماژە پێكردنە،زۆربەی ئەو گەڕیدانەی هاتوونەتە كوردستان و سەردانی زاخۆیان كردووە،بابەتی ڕێڕۆیشتنەكەی گزنفۆن یان هێناوەتەوە بەرباس و قسەكردن لەسەری،گەڕیدە فەرەنسیەكان لەمە بەدەر

نەبوونە. بۆیە یەکێك وەك کۆنت دو سێرسێ ئاماژەی پێکردووە. زۆربەیان لەکاتی برینی چیا سەختەکانی ناوچەکە،خۆیان وەك شێوەیەك لە سەرکەوتنی ڕێڕۆیشتنەکەی گزنفۆن پێشانداوە کە گەیشتۆتەوە وڵاتی یۆنان. یان رزگاری بووە لە سەختی و ئازاری رۆیشتنی بە ناوچەکەدا و سەرکەوتن بەسەر ئاریشەکانی گەشتەکەیان. هەروەها لە کۆتایی گەشتەکەیدا ئاماژە بە ناوچەکانی دەوروبەری ناوچەی زاخۆ دەکات و دەنووسێت:"پاش پێنج سەعات رێگە برین،گەیشتینە گوندێ بەناوی (کەنگاڤین–Kengavine) دانیشتووانەکەی مەسیحین،خەڵکە باشەکەی ئەوێ هەروەك برای خۆیان مامەڵەیان لە تەکدا کردین و میوە و شیریان بۆ هێنایین تا گوندی نارڤەند(Narvand) (لەوانەیە گوندی نەهرەوان بێت) یەك ماڵیشمان نەبینی،گوندەکە تازە کاول بووە و دانیشتووانەکەی پەنایان بۆ کریستیانەکان بردبوو"[75].

2.3.2. **ئەندرێ دوپرێ** (Adrien Dupré): لە ساڵی 1807–1809 سەردانی ناوچەکانی عێراق کردووە،گەشتەکەی بەناوی گەشتێك بۆ وڵاتی فارس(Voyage en Perse) لە دوو بەرگ دا،شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی خۆرهەڵاتی هەبوو،شارەزایی تەواوی لەکاروباری سەربازی،بازرگانی،شوێنەواری،پێوانە و کێش و گۆڕینەوەی دراو لە هەر وڵاتێکدا هەبووە،لە ساڵی 1819 کتێبەکەی لە بەرگی یەکەم دا چاپ کردووە[76].

ئەندرێ دوپرێ لە فەسڵی دەیەمی گەشتەکەی، کە تایبەتی کردووە بە قووڵایی مێژوویی و شوێنگەی کوردستان بەتایبەتی لە هەبوونی گەلان و ئاینزاکان و بیروڕاکان و داب و نەریتی دانیشتووان. سەردێکی مێژوویی لە هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕابردوودا،دێتە سەرباسی جوگرافیا و دابەشبوونی سیاسی و حوکمڕانی کوردستان،وەك میرنشینەکانی: بەدلیس،بۆتان لە جەزیرە،ئامێدی،هەکاری لە جۆلەمێرگ،بابان لە قەلاچوولان[77] هەروەها ئاماژە بە سێ فەرمانڕەوایی تری کوردستان دەکات،کە خاوەنی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار و زۆرداریانەیان هەیە،بەڵام ژێردەستەی حوکمی بەغدادن..! یەکەم: سلێمان پاشا کە سەرکردایەتییەکەی (ناوەندەکەی) کۆیسەنجەقە،دووەم: ئەحمەد پاشا لە زاخۆ،سێیەم: عەبدولرەحمان پاشا بارەگاکەی لەسلێمانیە یان شارەزوور[78].

والی بەغداد(سلێمان پاشای بچووك 1807–1810) ژمارەیەکی گەورەی لە سەربازی هەیە،کە بەسەر ئەو ناوچانەی سەپاندووە کە لەکاتی پێویستدا بۆی دەنێرن،سێ ویلایەتی کوردستان،دەتوانن لە کاتی داواکردن دا هەشت هەزار سەربازی پیاو پێشکەش بکات.

سلێمانی 4000 هەزار سەرباز

کۆیسنجەق 2500 هەزار سەرباز

زاخۆ 1500 هەزار سەرباز[79].

زاخۆ سێیەم شار و شوێنە کە سەربازی ڕەوانەی بەغداد کردووە لە کاتی داواکردنی پێویستدا،لە نێو شەش شاری کوردستان،کە کۆی گشتی (13000) هەزار سەرباز بووە،کە لە کۆی ژمارەی سەربازەکاندا دەکاتە ڕێژەی لە 11.53٪،زاخۆ پشکێکی باشی بەرکەوتووە لە ناردنی سەرباز بۆ والی بەغداد.

**4.2. تێڕوانینی گەڕیدەی ئیسپانی و ئەڵمانی و عوسمانی:**

1.4.2. **ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا** 1841–1882 ( D.Adolfo Rivadenyra) [80]: کاتێك دیپلۆماتی ئیسپانی دەبێت لە ماوەی 1864–1867دا. دواتر کارەکەی دەگوازرێتەوە بۆ شاری قودس لە فەلەستین،پاشان بۆ سیلان لە هیندستان،دوای کەمتر لە دوو ساڵ کارەکەی جارێکی تر دەگواسترێتەوە بۆ دیمەشق لە خۆرهەڵات،لە شاری سیلان بەرێ دەکەوێت بۆ بەندەری بەصرا و لەوێ بۆ شاری بەغداد،دواتر بۆ کوردستان و ئینجا دیاربەکر و حەلەب،بۆ دیمەشق،گەشتەکەی لەماوەی 28ی ئایاری 1869 تا 25ی ئابی 1869 بووە،لە تەمموزی 1869 سەردانی زاخۆی کردووە و لە بارەی هەڵکەوتەی سەختی سروشتی زاخۆ و دانیشتووان،واتە لە هەمانکاتدا ئەدۆلفۆ ریڤادێنیرا گرنگیەکی تەواوی بە جوگرافیای مرۆیی و سروشتی زاخۆ داوە،بۆیە نووسوویەتی:"دوای حەڤدە کاتژمێر رۆیشتن بە هەنگاوی یەك بە دوای یەك دا گەیشتین بە چیا ترسێنەرەکانی زاخۆ،کە بە هۆی کەمین دانانەوە و هێرشی لەناکاوی کوردەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان،لەم شوێنە باشتر نییە بۆ ئەم جۆرە کارانە،کە کۆمەڵێك چیای بەسەریەکەوە بەستراون.سێ تا دوو پیاو زۆر بە باشی دەتوانن هێرش بکەنە سەر دوانزە کەس و پێشڕەوەکەیان بوەستێنن. بە برینی گەرووی ئەم چیا بەرتەسکە،پاش سێ سەعات گەیشتینە زاخۆ،گوندێگە دانیشتووانەکەی هەزار کەسە،جولەکە و کوردی تێیدا دەژین،بە جوانی لەسەر دوورگەیەك لەسەر لایەکی ڕووبارێك و لاباڵێکی ڕووبارەکە دەرژێتە دیجلە هەڵکەوتووە،لە دەشتەکەیدا کە چوار فەرسخە {دوانزە کیلۆمەتر چوارگۆشەیە}،لە وەرگاییەکی باش دابین کردووە،لەسەر بەرزایی زنجیرە چیاکانی خودی{جودی} کە بە یەکێك لە بەرزترین چیاکانی ئاشوورە،ڕەنگ و جوانی ترسێنەر و سەرسوڕهێنەری هەیە،لەم ناوچەیە تا دەریاچەی وان کوردی تێیدا نیشتەجێیە،کە سەربەخۆن لە حکومەت. بەهەموو مافێکەوە نا لە

ڕووی کردارییەوە،زاخۆ خۆی بەشێك نییە لە ویلایەتی بەغداد،بەڵکو سەر بە دیاربەکرە"(81). ئەدۆڵفۆ ریڤادینێرا لە درێژەی نووسینی گەشتنامەکەیدا لە زاخۆ ئاماژە بە بینینی پیاوی باڵا بەرزی دەگمەن دەکات، وەك ئەوەی نووسوویەتی:"لەوکاتەی کە لەگەڵ ڕووباری دیجلەدا بەسەردەکەوتین،تێبینی ئەوەم دەکرد کە لەنێوان خەڵکەکەدا و لە گالیسکەدا پیاوانێکی باڵا بەرزی لە ڕادەبەدەر و یەکتربڕ و لە بارو رێکوپێکن و ڕووخسارێك لەسەر کاری سەرکێشی،بەکورتی و ڕوونی دیارە کە ئەمانە لە ڕەگەزێکی جیاواز دان و ئەوانم لە گوندی تلکێف ناسین،کە دەکەوێتە لای چەپم دوای دەرچوونم لە موصڵ،سەرەڕای ئەوەی لە دالهون کەوتوونەتەوە بەرچاوم،کە وێستگەی یەکەمم بوو،کە دوای ئەوە زاخۆ بوو،کە وێستگەی دووەمم بوو،چاوم بە پیاوانی باڵا بەرزو گەورە و هاوشێوەی ئەوان کەوتەوە،بە ڕوونی لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە ئەوان شێوەی کوردێکی نموونەیی بەرز دەکەن"(82).

لەکاتی بەجێهێشتنی شاری زاخۆ لە تەمموزی 1869 دا ئەدۆڵفۆ ئاماژە بە حاڵەتێکی پێشکەوتنی پیشەسازی خۆراك لە زاخۆ دەکات،مەبەستی لە مریشك هەڵێنانە بە ئامێری دەستکرد،بەڵام بەبێئەوەی زانیاری تەواو لەسەر ئەم ئامێرە بنووسێت،تەنها نیشانەی سەرسووڕمانی خۆی دەردەبڕێت و دەنووسێت:"لە کاتی دەرچوونمان لە زاخۆ ئەوەی سەرنجکێشی کردم ژمارەیەکی مریشك لە گوندەکەدا دەجووڵانەوە،دەربارەی ئەم کارە پێیانگوتم کاری مریشك هەڵهێنانی دەستکرد هەیە،ئەوەی بیرخستمەوە کە دەوڵەتێك بەم هەموو پاشکەوتووییەوە ئەم جۆرە شێوازە بەکاردەهێنێت،کە زۆرێك لە شارە ئەوروپییەکان خۆیان بەشارستانی بوون هەڵدەکێشن،بەداخەوە ئەو شێوازە کە هێشتا لە ئیسپانیا بڵاونەبۆتەوە "(83)،دوا سەرنجی کە لەسەرناوچەی زاخۆی نووسیووە ئاماژە بە هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ناوچەیەکی کوردستان لە نزیك زاخۆ دەکات،بەڵام ناوی ئەو شوێنەی نەنووسیوە کە هەڵمەتەکەی تێیدا بەڕێوە چووە و دەنووسێت:" پاش کەمێك،هێزێکم بینی نزیکەی شەش سەد پیاو دەبوون،لە تەمبێکردنی هۆزی چیاکان دەگەڕانەوە،بەڵام بەبێ دەستکەوت،سەربازەکان بە پێی پەتی و نیمچە ڕووتی و برسێیەتی گەڕابوونەوە،لە ڕێڕۆیشتنەکەیان بە ناوچەیەکی شاخاوی و بەرداوی کە لە دوژمنی زۆر پڕ بوو...! "(84). سەرنجی کۆتایی ئەوەیە،دەبێت ئەو دوژمنە زۆرانە کێ بن کە ئەدۆڵفۆ ریڤادێنیرا بە ناڕاستەوخۆ ناوی بردوون..؟ یان یاخیبوونێکی نا ڕێکخراو بێت لە ناوچەی بادینان دا. کە شایانی زیاتری لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیە،چونکە ژمارەی هێزە سەرکوتکارە عوسمانییەکە ژمارەییەکی کەم نییە. کە ئەدۆڵفۆ ریڤادێنێرا لەبارەیانەوە نووسوویەتی.

2.4.2. **هێنری.ئەی . ستێرن** 1820–1885( Henry. A. Stern): وەك گەڕیدەیەکی بەڕەگەز جولەکەی ئەڵمانی کە دۆقنشینی هێسن–کاسێڵ لە 11ی نیسانی 1820 لەدایکبووە،خوێندنی لە فرانکفۆرت تەواوکردووە،کاری بازرگانی کردووە،دواتر دەچێت بۆ لەندەن لەلایەن کۆمەڵەی جولەکەکانی لەندەن(The London Jews Society) بۆ قودس دەنێردرێت،لە ماوەی ساڵانی 1844 و 1849 چەند گەشتێك بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدەدات و سەردانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کردووە،هەروەها سەردانێکی کورتی بۆ زاخۆ ئەنجامداوە و دەنووسێت:"لە سەعات چوار گەیشتینە شارۆچکەی زاخۆ،بچووك وەك بەناوەکەی دیارە،زۆر بە خۆشەویستانە بەخێرهاتنیان لێکردم،هەروەکو بینیم،بەتایبەتی لەماڵی خەواجە ناحوم سەرۆکی جولەکەکان،لەسەر دوورگەیەك بەناو خابوور هەڵبەستراوە،پێشتر شارێکی بە دانیشتووان و گرنگ و تایبەتمەندی خۆی هەبووە،بەڵام بەهۆی پەراوێزخراوی و ستەمکاری حاکمەکانی(وڵاتەکەی) شارەکەی زۆر ماندوو و هەلاکەت کردووە،ڕێگایەك بۆ سەرگەردانی بوونی و گەشەنەکردنی دانیشتوانەکەی بووە،لە حاڵەتی ئێستادا سەدو پەنجا ماڵە،پێنج لە سەدی ئەو ژمارەیان جولەکەن،لەماوەی مانەوەمدا زۆربەی پایەدارەکان و ڕێزلێگراوانی کۆمەڵگاکە سەردانیان کردم و گفتوگۆی زۆر گەرم لە گەڵیانم ئەنجامدا"(85). بابەتی کەمبوونەوەی دانیشتووانی شارۆچکەی زاخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتی سەربازی عوسمانییەکان بۆ ڕووخاندنی میرنشینەکانی سۆران،بادینان و بۆتان،بەتایبەتی سوپای عوسمانی شارۆچکەی زاخۆی وەك بنکەیەکی سەربازی بۆ ئامادەکردنی هەڵمەتی سەربازی بۆ ناو قووڵایی دەسەڵاتی میرنشینەکان و لاوازکردن و ڕووخاندنی یەکجارەکی بەکار دەهێنا،وەکو پێشووتر ئاماژەمان بۆکرد. هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی زاخۆ لەدوای ئەم هەڵمەتانە بەتایبەتی لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بەتەواوی دەرکەوتووە.

3.4.2. **دکتۆر ئێدوار ساکاو**( Dr. Edward Sachau): لە پایزی 1879 تا 1880 لەگەشتێکیدا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،کە کاری سەرەکی گەڕان بەدوای شوێنەوار و کۆکردنەوەی دەستنووس بووە،گەشتەکەی لەشاری دیمەشق دەسیپێکردووە بەناو کوردستانی عوسمانی بۆ موصڵ،لەوێوە بەرەو زاخۆ،دواتر جەزیرەی

ئیبنوعومەر،گەڕانەوە بۆ حەلەب بەڕێگای سیوورك و ئورفە و بیرەجك،لەگەشتەکەیدا بۆ ناو کوردستانی عوسمانی زانیاری زۆر گرینگی لەلایەنی مێژوویی و شوێنەواری و جیۆگرافی لەسەر تۆپۆگرافیای ناوچەکە کۆکردۆتەوە،هەروەها زانیاری لەسەر هۆزەکانی کورد و پەیوەندییەکانیان تۆمارکردووە(86).

4.4.2. **کارڵ بایدکر**(1837–1911 Karl Baedeker): کە ناسراوە بە بایدکری دووەم، خاوەنی دەزگای بڵاوکاری کارڵ بایدکری ئەڵمانی بووە، باسی گەشتەکەی لە نێوان نسێبین بۆ موصڵ دەکات،کە ماوەی پێنج ڕۆژی دیاریکردووە،بەتایبەتی لە ڕێگاکەی بە چەندین گوند دا تێپەڕیووە،لەوانە بەناو جەزیرەی ئیبنوعومەری هەڵبژاردووە،کە بەکورتترین ڕێگای داناوە بۆ 2 تا 3 ڕۆژ بۆ گوندی نەهرەوان کە لە زاخۆ نزیك بووە دووری نێوان ئەم دوو شوێنەی بە شەش کاتژمێر داناوە،هەروەها دووری نێوان زاخۆ و سێمێل(Simeil) هەشت کاتژمێر بووە،فیلفیل(Filfil) نۆ کاتژمێر لە زاخۆ دوور بووە،کە لەلای چەپی ڕووباری دیجلەدا بووە،ئەم ماوانەی دیاریکراوە بۆ ماوەی نێوان ئەو شوێنانەی ئاماژەی پێکراوە بۆ گەیشتن بە ناوەندی موصڵ بووە(87). هەر چەندە بۆ وردبوونەوە لەم گەشتنامەیەدا زیاتر وەك ڕێبەریکردنی گەڕیدەکانی تر بۆ سەرکێشی و ئارەزووی گەشتکردن هاتوونەتە کوردستان،هەروەها بۆ تۆمارکردنی زانیاری لەسەرهەموو بابەتە جیاوازە ژیارییەکان لەوانە کات. کە لەلای گەڕیدەکان گرنگییەکی زۆری پێدراوە،بۆ نووسینەوەی مێژووی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان،گرنگی تایبەتی خۆی هەیە،بۆ زانینی دووری نێوان شوێن و شارەکان لە سەدەی نۆزدەهەم دا.

5.4.2. **محەممەد خورشید پاشا** 1813–1878: چەند پۆستێکی لە دەوڵەتی عوسمانی پێدراوە،لەماوەی ساڵانی 1863–1878 وەك والی کاری لە ویلایەتەکان کردووە کە ئەمانە بوونە:(ئەدرنە، ئەرزەرۆم،حیجاز،سێواس،ئیزمیر،حەلەب و ئەنقەرە و موتەسەریفیەتی قودس لە فەلەستین) هەروەها پلەی وەزیری ئەوقاف لە 1869 ودووجار وەزیری دادی عوسمانی بووە لە 1873 و 1878دا،دواتر ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عوسمانی (سەدری ئەعزەم)بووە،بەڵام پێش وەرگرتنی ئەم پۆستانە،لەلایەن سوڵتانی عوسمانی(عەبدولمەجیدی یەکەم 1839–1861) وەك ئەندامێك ڕادەسپێردرێت بۆ کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی ڕێکخستنەوەی سنووری عوسمانی و قاجاڕی لە ساڵی 1258ك– 1842ز بووە،ڕاپۆرتێکی بۆ سوڵتانی ناوبراو بە قەبارەی چوارسەد لاپەڕە نووسیووە، بەناونیشانی گەشتنامەی سنوور (سیاحت نامە حدود– Seyahatname-i Hudud) لەم سیاحەتنامەیەی خورشید پاشا لە وەسفی ئیالەتەکانی کوردستاندا،کە نزیکەی چوار ئیالەت بوونە،وەك: موصڵ،بایەزید،وان و شارەزوور،باسی شاری زاخۆ دەکات بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە زانیاری ناو شارەکە بکات،تەنها وەك قەزایەك لەسەر ئیالەتی موصڵ ئاماژەی پێدەکات،بۆ قەزاکانی وەك: دهۆك،سنجار و تەلەعفەر ژمارەی ماڵەکانی ئەو قەزایانەی نووسیووە،چ موسڵمان، کریستیان، جولەکە و ئێزدی بووبن،بەڵام بۆ قەزاکانی ئاکرێ و زاخۆ و مزوری وناوچەکانی تر هیچ ژمارە و زانیارییەکی نەنووسیووە(88).

## 3. ئەنجام

یەکەم: شاری زاخۆ شوێنگەیەکی ستراتیژی هەیە،لە بەیەکگەیشتنی باکوور و باشوور و خۆرئاوای کوردستان،لەسەدەی نۆزدەهەم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی،بەشێك بووە لە دەسەڵاتی میرنشینی بادینان و سۆران و ویلایەتەکانی دیاربەکر و بەغداد و موصڵ،هاوکات دراوسێی میرنشینێکی بەهێزی وەك بۆتان بووە،ئەم هۆکارانە،خاڵی سەرنجڕاکێش بوون بۆ گەڕیدەکان بەگشتی لەسەر ئاستی جیاوازی پسپۆڕایەتی زانستی و سیاسی و ئاینی و دیپلۆماتیی،سەردانی زاخۆ بکەن و تێڕوانینەکانیان یادداشت بکەن.

دووەم: ڕووداوی ڕێڕۆیشتنەکەی گزنفۆن کە لە 401 پێش زایین بووە، لە مێژووی دێرین بە دە هەزارەکە ناسراوە،خاڵی سەرنجڕاکێشی گەڕیدەکان بووە،هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە زاخۆ،دووبارە ئەم بابەتەیان باسکردۆتەوە،تێبینی و بۆچوونی نوێیان لەبارەیەوە نووسیووە،بەیەك بەستنەوەی ڕووداوی دە هەزارەکە بە شاری زاخۆ بەشێکی زۆری نووسینی گەڕیدەکانی لە خۆگرتووە،کە ئەمە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ناساندنی مێژووی دێرین و هاوچەرخی زاخۆ بینیووە و هانی زۆربەی گەڕیدەکانی داوە کە زیاتر لەبارەی مێژووی زاخۆ بنووسن.

سێیەم: پێکهاتەی ئایینی لە زاخۆ بەتایبەت کۆمیونیتی جولەکە،لەلایەن گەڕیدەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو باسکراوە،بەتایبەتی ژمارە و کاری جولەکان لە زاخۆ، هەروەها کۆمیونیتی کریستیانی لە دەوروبەری زاخۆ بۆتە خاڵی باسکردنی زۆرێك لە گەڕیدەکان،چونکە بەشێکیان لە پێش گەیشتنیان بە زاخۆ یان لە خوارووی زاخۆ تێپەڕبوونە،ڕووبەڕووی گوندی کریستیانەکان و ژیان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خوێندەواری ئەم پێکهاتەیە بوونەتەوە و تێبینیەکانیان تۆمارکردووە.

چوارەم: بەشێك لە گەڕیدەکان ڕووداوەکانی شاری زاخۆیان لە سەدەی نۆزدەهەم تۆمارکردووە،بەتایبەتی هێرشەکانی محەممەد پاشای ڕواندز،میری میرنشینی سۆران،ڕەشید محەمەد پاشای ڕاسپێردراو بۆ لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی سۆران لە 1836زاینی،ئەم ڕووداوە لەماوەی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، زۆرێك لە گەڕیدەکانی دواتر هاتوون و گەڕاونەتەوە بۆ ئەم ڕووداوانە و کاریگەرییان لەسەر زاخۆ،هەندێکیان لەکاتی لەشکرکێشەکانی ڕەشید محەمەد پاشا ئامادەییان هەبووە.

پێنجەم: بەشێکی گەڕیدەکان تێبینی زۆر و قووڵیان لەسەر زاخۆ نەنووسیووە،لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی و کەم لە شارەکەدا ماونەتەوە،وەك خاڵی تێپەڕبوون بەکارهێنراوە بەتایبەتی بۆ گەیشتنیان بە سنووری میرنشینی بۆتان،بەشێکیان بەنزیکی زاخۆ تێپەڕبوونە و لە دووری ئەو شارە بەپێی ئەو زانیاریانەی گوێبیست بوونە،تۆماریان کردووە.

شەشەم: گەڕیدەکان لەگەیشتنیان بە ناوچەی زاخۆ و دەوروبەری،دیاردە سروشتییەکانی وەك ڕووباری خابوور و دەشت و چیا..هتد بۆتە جێگەی تێڕامان و نووسین لەبارەیانەوە،بەتایبەتی بەشێکی زۆریان لە کاتی هاتنیان یان ڕۆیشتنیان لە زاخۆ لە ڕووباری خابوور بە کەڵەك پەڕیونەتەوە و سەربردەی ڕووداوەکانی ڕووباری خابوور دەگێڕنەوە.

حەوتەم: شوێنەوارەکان،وەك: قەڵای زاخۆ و پردی دەلال،بۆتە خاڵی تێڕوانینی گەڕیدەکان بەشێکی زۆریان سەردانیان کردووە و بەسەر پردی دەلال لە زاخۆ پەڕیونەتەوە،بەڵام زۆربەیان لە مێژووی پردەکەیان نەکۆڵیوەتەوە و هەوڵی کنە و پشکنینی شوێنەوارییان نەبووە،وەك لە شوێنەکانی تر هەبووە،کە لەسەر دەستی گەڕیدەکان ئەنجامدراوە.

هەشتەم: تۆمارکردنی پێشکەوتنی پیشەسازی خۆماڵی لە زاخۆ،وەك دیاردەیەکی پێشکەوتن لە دەوڵەتی عوسمانی و بەراوردکردنی بە دەوڵەتانی ئەوروپی لەسەر تێڕوانینی گەڕیدە ئەوروپییەکان،ئەمە خاڵی وەرچەرخان و پێشکەوتنی پیشەسازی سەرەتاییە لە باشووری کوردستان لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی لەو کاتدا. بەتایبەتی لە زاخۆ.

نۆیەم: زۆربەی گەڕیدەکان،تێڕوانینی ئەرێنیان لەسەر دانیشتوانی زاخۆ تۆمارکردووە، بە پێچەوانەی نووسینی گەڕیدەکانی تر لەسەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان،تێڕوانینی نەرێنیان تۆمارکردووە،دانیشتوانی زاخۆ بە گەرمی پێشوازیکردن لە میوانان و چاکەخوازی و کاری باش وەسف دەکەن.

## 4. پەراوێزەکان

1. قەڵای دێرێ: بەپێی هەندێك بۆ چوون گوندی (کەلە دێر) لەناوچەی سورچاپییەتی لە قەزای ئاکرێ، دەستنیشانکراوە بۆ شوێنی قەڵای دێرێ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: الدکتور عماد عبدالسلام رۆوف(2011): المعجم التاریخی لامارە بهدینان، من منشورات الاکادیمیە الکردیە، مگبعە الحاج هاشم، أربیل، ص152.

2. قەڵای بشری: دەکەوێتە ناوچەی ڕێکان، لە باکووری خۆرهەڵاتی ئامێدی دا، لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینی بادینان بووە، هۆزی ڕێکان نیشتەجێی ئەم ناوچەیە کە ناسراوە بە نێروە و ڕێکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: المصدر نفسە، ص78.

3. (تر)قەڵای ڕادکان: مەبەستی قەڵای هۆزی ڕێکانە کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری ئامێدی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: المصدر نفسە، ص78.

4. قەڵای شوش: قەڵا و گوندێك بوونە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بادینان، کە ئامۆزاکانی میرەکانی میرنشینی بادینان فەرمانڕەوایی بوونە، پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی هۆزی زێبارییەکان دابووە، لە سەرچاوە سریانییەکان بە (باشوش) ناوی دەهێنرێت، بەناوبانگ بووە لە زانای گەورە و بەرهەمی میوەجات و بەرهەمی جۆراوجۆر، لە ئێستادا سەر بە قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆك دا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: المصدر نفسە، ص214.

5. قەڵای عومرانی: قەڵا و گوندێکە لە قەزای ئاکرێ، یەکێك لە چوار قەڵاکانی هۆزی زێباری بووە، ناوەندێکی گەورەی زانستی لەسەدەی حەقدەهەم بووە، بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی هەندێ دەستنووسی زانایانیی زێباری کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: المصدر نفسە، ص260.

6. قەڵای بازیران: یەکێك لەو قەڵایانە بووە کە لە ژێر دەسەڵاتی هۆزی زێباری دابووە، زۆرێك لە لێکۆڵەرانی ئەم سەردەمە، قەڵای بازیران بە (بارزان)ی ئێستا دادەنێن، کە ئەمە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی قۆناغە مێژووییەکان بۆتە بارزان، هەرچەندە بەڵگەی سەلمێنەر بەتەواوی لەبەردەست دانیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: المصدر نفسە، ص63.

7. شرفخان البدلیسی(2006): شرفنامە فی تاریخ الدول و الأمارات الکردیە ، ج1، ترجمە: محمد علی عونی، راجعە و قدم لە: یحیی الخشاب، گ2، دار الزمان للگباعە و النشر و التوزیع، دمشق–سوریا. ص136.

8. د.عبدالعڤیم عباس نصار(1427هـ–2006م): بلدیات العراق فی العهد العپمانی 1534–1918م، دراسە تاریخیە وپائقیە، گ1، المکتبە الحیدریە، مگبعە شریعت.ص207.

9. خلیل ساحلی أوغلی(2000): من تاریخ الڤگار العربیە فی العهد العپمانی بحوپ و وپائق و قوانین، تقدیم: أکمل الدین إحسان أوغلی، مرکز الابحاپ و الفنون و الپقافە الاسلامیە، استانبول.ص509.

10. المصدر نفسە، ص 520.

11. د.فاچل بیات(2007): الدولە العپمانیە فی المجال العربی: دراسە تاریخیە فی الوچاع الاداریە فی چوو الوپائق و المصادر العپمانیە حصراً، گ1، مرکز دراسات الوحدە العربیە، بیروت–لبنان. ص300.

12. المصدر نفسە، ص305.

13. تەها کوڕی یەحیا کوڕی میر سلێمان کوڕی میر محەممەد خان کوڕی سوبحان ویردی خان کوڕی ئەحمەد خان کوڕی عەبدولمومئمین خان کوڕی مامۆی کوردی بە مەزهەب شافیعی و بە تەریقەت قادری بە میللەت ئیبراهیمی و بە محەممەد ئوممەت و بالیسانی وڵاتەکەم، لە عەشیرەتی خۆشناو بە ئاوەرایی لە شام، ئەمە خۆی لە گەشتنامەکەیدا نووسیوویەتی، ئەو ساڵی 1723 لە دایکبووە ،

له 1743 به موصڵ تێپەڕیووه بۆ شارەکانی حەلەب، قودس و یافا، له ڕێگای دەریا بۆ میسر و شاری مەنسووڕە دواتر بۆ قاهیرە و مزگەوتی ئەزهەر و هەشت مانگ لەوێ ماوەتەوە، پاشان حیجاز، شاری تەرابلوس، قوبروس و دمیاگ، هەروەها بۆ ئیستانبوڵ له 1766–1767 و بەغداد 1772و شارەکانی کەرکوك، کۆیە، ئاکرێ، زاخۆ، بۆتان، نسێبین، مێردین، روها، حمس و حەما، لەدوای ساڵی 1775 له شاری دیمەشق له قوتابخانە و خانەقاکەی ئارامدەگرێت و سەرقاڵی گوتنەوەی بابەتە شەرعییەکان دەبێت تا نووسینی یادداشتی گەشتەکانی له 1789 تۆمارکراون و ساڵی کۆچی دوایی ئەم زانایە هێشتا بەتەواوی دیار نییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: د.عماد عبدالسلام رۆوف(تحقیق)، (2007): رحله گه الكردی البالیسانی فی العراق و بلاد الشام و الاناچول و مصر و الحجاز، گ1، مؤسسه موكریانی للبحوپ و النشر، أربیل.

14. کەتخدا: له دوو وشه پێکهاتووه له (کد) به مانای ماڵ (خدا) بەمانای سەرۆك واته سەرۆکی ماڵ، له فارسی دا بەسەرگەورەی بڕیاردەر و پادشادا بڕاوە، بەڵام له عوسمانی دا بەسەر بەرپرسیار یان وەکیل یان باوەڕپێکراو و ڕاستگر دا، بەچەند شێوازێك گۆ (یلفڤ) دەکرا، وەك: کیخیا، کاخیا ، کخیا و کهیا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: د.حسان حلاق و د.عباس صباغ(2009): المعجم الجامع فی المصگلحات العپمانیه، دار النهچه العربیه، بیروت–لبنان، 2009. ص188.

15. د.عماد عبدالسلام رۆوف(تحقیق)، (2007): المصدر السابق، ص 51–52.

16. د.فاچل بیات: المصدر السابق، ص317.

17. المصدر نفسه، ص314.

18. شەمسەددین سامی(2010): کورد و کوردستان له یەکەم ئەنیسکلۆپیدیای تورکی له مێژوو دا، قامووسئەعلامی شەمسەددین سامی، وەرگێڕان له عوسمانی بۆ تورکی نوێ: م. بۆزئەرسلان، وەرگێڕان بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر. ل216.

19. جەزیرەی ئیبنوعومەر: له مێژووی کورد دا بەناوی (جزیرا بۆتان) دەهێنرێت، وەك شەمسەددین سامی له قاموسئەعلامەکەیدا که له کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم نووسوویەتی: شارۆچکەیەکە له بەشی باکووری خۆرهەڵاتی پێوەست به ویلایەتی دیاربەکر، له ڕۆخی لای ڕاستی دیجلەدا له نزیکی 150 کیلۆمەتری سەرووی مووسڵەوە، واته له باکووری خۆراوایدایە، ئەمڕۆ به ناوی (جزره) ناوەندی قەزایەکی پێوەست به لیوای مێردینە، سەردەمانێك گەلێك ئاوەدان بووە، له 219 گوند پێك دێ و 35,000 هەزار کەس دانیشتووانی جەزیرا بۆتانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 158–159.

20. ستیڤن هیمسلی لونگریك(2004): أربعه قرون من تاریخ العراق الحدیپ، ترجمه: جعفر الخیاگ، گ5، دار الرافدین للگباعه و النشر و التوزیع، بیروت، ص15–16.

21. ئەلقوش(ناحیە)، ناوەندی شارۆچکەیە له پارێزگای موصڵ، که کریستانیەکانی ئاسووری تێیدا نیشتەجێن، که چەند گوندێکی ئاسووری له سنوورەکەی دایە وەك: داشقوتان، کەرەنجۆ، ئێنبەقرێ، پیروزاوا و گرماوا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: د. عەبدوڵڵا غەفور(2010): ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی–ئەتنۆگرافی، له بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپێرێز–دهۆك، ل 8.

22. کۆمەڵێك له پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز(2002): کورد و کوردستان–لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت به باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان، ساڵی 1923 له فەڵەستین به ئینگلیزی چاپ کراوە، وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر. ل23.

23. هەمان سەرچاوە، ل23.

24. هەمان سەرچاوە، ل23.

25. F. R. Maunsell(1901); Central Kurdistan, The Geographical Journal, Vol. 18, No. 2 (Aug., 1901), P. 124.

26. Mark Sykes(1908); The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire, The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, Vol. 38 (Jul. - Dec., 1908), P. 459.

27. Ibid, P. 462.

28. Alphonse Mingana(1916); Syriac Versions of the Old Testament, The Jewish Quarterly Review, New Series, Vol. 6, No. 3 (Jan., 1916), P386.

29. Walter J. Fischel(1944); The Jews of Kurdistan a Hundred Years Ago: A Traveler's Record, Jewish Social Studies, Vol. 6, No. 3 (Jul., 1944), pp 208-210.

30. H. I. Lloyd(1926); The Geography of the Mosul Boundary, The Geographical Journal, Vol. 68, No. 2 (Aug., 1926), P. 108.

31. Ibid; P113.

32. کلۆدیۆس جەیمس ریچ: له 28ی ئاداری 1787 له دیژەن(Dijon) له وڵاتی فەرەنسا لەدایك بووە، له 1811 تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی ئەنجامدا لەسەر شوێنەوارەکانی ناوچەی بابل و میزۆپۆتامیا، بەپێی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیکا، سەرەتا وەك کەسایەتێکی بازرگان له بەغداد دەرکەوتووە، هەروەها زمانەکانی: یۆنانی، لاتینی، عیبری، فارسی زانیووە، هەروەها به باشی قسەی بەزمانەکانی عەرەبی و تورکی کردووە، پێش چەند مانگێك له کۆچی دوایی بۆتە نوێنەری کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی له بەغداد، له 5ی تەشرینی یەکەمی 1821 له شیراز کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری تەواو بڕوانەوە ئەم لینکە ئەلیکترۆنییە:

https://www.britannica.com/biography/Claudius-James-Rich

33. کلۆدیۆس جیمس ڕیچ(2002): گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر. ل385.

34. ریچارد وود له ساڵی 1806 لەدایك بووە، باوکی ناوی جۆرج، دایکی لوسی وود، خوێندنی له زانکۆی ئێکزیتەر(Exeter) له بەریتانیا تەواو کردووە، له ساڵی 1824 له پایەی وەرگێڕی خێرا له باڵیۆزخانەی بەریتانی له ئیستانبوڵ کاریکردووە، له ساڵانی 1832–1833 له کاتی هەڵمەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەممەد عەلی پاشای میسر له سوریا کاریکردووە، له ساڵانی 1835–1836 لەگەڵ سوپای عوسمانی بۆ کاری تایبەت(Special Service) دەستبەکاربووە، بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی هەواڵ و نووسینی ڕاپۆرت لەسەر هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای عوسمانی بۆ سەر میرنشینە کوردییەکان، لەوانە میرنشینی سۆران، بۆ جارێکی تر له ساڵانی 1840–1841 له سوریا کاریکردۆتەوە، هەروەها له لوبنان یارمەتیدەری سوپای عوسمانی بوو بۆ گرتنەوەی ئەو شوێنانەی ڕاپەڕینی تێیدا هەڵگیرسابوو، بۆ جاری سێیەم، له شاری دیمەشق له پۆستی کونسوڵی بەڕیتانی دەستبەکاربوو له ماوەی 1841–1855، کونسوڵی گشتی له تونس لەماوەی نێوان 1855–1879. له ڕۆژی 21ی تەممووزی 1900 کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: A.B. Cunningham(1966): The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841, vol3, The Royal Historical Society, London.PP36-39.

35. لۆرد پۆنسنبی یان جۆن پۆنسنبی لە ماوەی نێوان 27ی تەشرینی دووەمی 1832 تا 1841 باڵیۆزی بەریتانیای مەزن بووە لە ئیستانبوڵ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم بڵاوکراوەیە:( A Directory of British Diplomats; (Ponsonby ,John1st, P399.

36. A.B. Cunningham(1966): Op, Cite, P94.

37. J. Shiel(1838); Notes on a Journey from Tabríz, Through Kurdistán, via Vân, Bitlis, Se'ert and Erbíl, to Suleïmániyeh, in July and August, 1836, The Journal of the Royal Geographical Society of London, Vol. 8 (1838), P89.

38. (تر)ڕەشید محەمەد خەواجە پاشا، لە ساڵی 1780 لە جۆرجیا لە دایکبووە، یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی چەرکەسی لە دەوڵەتی عوسمانی، لە خێزانی کۆشندوقی چەرکەسییە، کە بەمەزهەب ئەرتەدۆکسی یۆنانی بووە، پێشئەوەی بە منداڵی لەلایەن عوسمانییەکانەوە برفێنرێت، دواتر بە کۆیلە کراوە و فرۆشراوە بە وەزیری دەریایی دەوڵەتی عوسمانی واتە: (قەپودان پاشا) کە ناوی (خەسرۆ پاشا 1869–1855) بووە لەماوەی 1811–1818 وەزیری دەریایی بووە و ڕەشید پاشای کڕیووە، لەبەر زیرەکی و لێهاتووی زوو دەرکەوت و لە تەمەنی 29 ساڵی بوو بە والی ویلایەتی کوتاهیە، دواتر بەشداری لەشەڕەکانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی یۆنانی کرد، چەندین پۆستی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت، گەورەترینیان، سەرۆك وەزیران(سەدری ئەعزەم)ی عوسمانی لە ماوەی 28کانوونی دووەمی 1829 تا 18ی شوباتی 1833، لە ساڵی 1836 لەناوچەی دیاربەکر کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە:

39. Yılmaz Mehmed(1999): Reşid Mehmet Paşa " *Yaşamları ve Yapıtlarıyla Osmanlılar Ansiklopedisi*, İstanbul:Yapı Kredi Kültür Sanat Yayıncılık A.Ş. C.2 s.456-457.

40. J. Shiel(1838): Op, Cite, P90.

41. (تر)گزنفۆن کوڕی غریلۆس و دیۆدۆرا بوو، بنەماڵەی ناوبراو خەڵکی ئێرخیێ ئۆ و دەوڵەمەند و لە چینی ئەسپسواران بوو، سەبارەت بە لە دایکبوونی چەند ساڵێك دیاریکراون لەوانە: 440 پێش زایین و 225 پێش زایین و 431 پێش زایین، بەڵام ئەم ساڵەی دوای بۆ لە دایکبوونی گزنفۆن دیاریکراوە، لەسەردەمی لاوێیتی قوتابی سوقڕات بووە، ساڵی 401 پێش زایین لەلایەن پرۆکسێنۆس ڤییۆتی داوای لێکرا بەشداری هەڵمەتەکەیان بکات کە لەلایەن کۆرشی ئەخیمینی سەرکردایەتی دەکرێت بۆ سەر براکەی (ئەردەشێری دووهەم)، بەڵام دوای شکستی کۆرش و کوژرانی سەرکردە سەربازییەکانی یۆنانی، گزنفۆن سەرکردایەتیی هێزە دە هەزارەکەی یۆنانی گرتە دەست، پێش ئەم شکستە لەناوی سوپای یۆنانی گزنفۆن پۆستێکی باڵای سەربازی نەبوو، بەڵام توانی هێزەکەی لەناوچەکانی نیشتەجێی کاردۆخییەکان و دواتر ئەرمەنستان و تەڕابزۆن و بەرەو ناوچە تەراکیا و گەیشتنەوەی بە یۆنان بەسەرکەوتوویی رزگاریان بکات، دواتر لە ساڵی 394 پێش زایین، گزنفۆن چووە پاڵ پاشای لاکێدیێمۆنییەکان (ئاییسیلانۆس) کە شەڕی دژی هاوپەیمانیی ئەسینایییەکان(تیڤایۆنەکان) هەڵگیرساندبوو، هەروەها چووە پاڵ سپارتییەکان لە شەڕیان دژ بە کۆرۆنیاس، ئەمە وایکرد کە ئەسینایییەکان گزنفۆن دەربکەن، بەڵام پاشای لاکێدیێمۆنیەکان قەرەبووی گزنفۆنی بە سەروەت و سامانێکی زۆرکردەوە، دوا رۆژەکانی بە ئاوارەیی و دوور لە ئەسینا لەگەڵ ژنەکەی بەناوی فیلیسیا و دوو کوڕەکانی بەناوەکانی (غریلۆس و دیۆدۆرۆس)بەسەر برد، لە ساڵی 300 پێش زایین کۆچی دوایی کرد، هەندێك بەرهەمی لەدوای خۆی بەجێهێشتن: لەوانە: ئاناباس ئەو گەشتنامەیە کە تێدا باسی ڕێڕۆیشتنی دە هەزار سەربازەکەی یۆنان لە خاکی کوردستان و ناوچەکانی تر دەکات، هەروەها کتێبەکانی پەروەردەی کوروش، هەواڵ و زانیارییەکانی یۆنان، بیرەوەرییەکانی سوقرات، چەند کتێبێکی تر، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: گزنفۆن(2013): ئاناباس، وەرگێڕانی لە یۆنانیەوە: عەلی فەتحی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ل364–367.

42. J. Shiel(1838): Op, Cite, P90.

43. Ibid, P91.

44. Ibid, P91.

45. Frederick Forbes(1839); A Visit to the Sinjár Hills in 1838, with Some Account of the Sect of Yezídís, and of Various Places in the Mesopotamian Desert, between the Rivers Tigris and Khábúr, The Journal of the Royal Geographical Society of London , Vol. 9 (1839), P424.

46. ویلیام فرانسیس ئینسوۆرپ لە 9ی تەشرینی دووەمی 1807 لە شاری ئێگزیتەری بەریتانی دایك بووە، پزیشك، گەڕیدە، جیۆگرافیزان و زەویناس، هەروەها نووسەر و سەرنووسەریش بووە، لە 1836 تا 1841 گەشتی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، لەم ماوەی گەشتەکەیدا کە پێنج ساڵی خایاندووە ، لە هاوینی 1840 بە کوردستان دا گەراوە و سەرنج و تێبینیەکانی خۆی نووسیووە، لە 1841 گەڕاوەتەوە ئینگلتەرا–بەریتانیای مەزن، نووسینەکانی لەسەرکورد وکوردستان بڵاوکردۆتەوە، لە 27ی تەشرینی دووەمی 1896 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم لینکە ئەلیکترۆنیە:
https://en.wikipedia.org/wiki/William_Francis_Ainsworth

47. William Ainsworth(1841); An Account of a Visit to the Chaldeans, Inhabiting Central Kurdistán; And of an Ascent of the Peak of Rowándiz (Ṭúr Sheïkhíwá) in Summer in 1840, The Journal of the Royal Geographical Society of London , Vol. 11 (1841), P21.

48. Ibid, P30.

49. (1)W. Francis Ainsworth(1861); The Assyrian Origin of the Izedis or Yezidis-the So-Called "Devil Worshippers", Transactions of the Ethnological Society of London, Vol. 1 (1861), P13.

50. جۆرج پێرسی باجەر، لە 1815 لە چێڵمسفۆرد لە ئینگلتەرای (بەریتانیای مەزن)، مسیۆنێرێکی سەر بە کەنیسەی ئەنگلیکانی، توێژەرەوە لە لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی، زانستیە سەرەکلیەکانی ئەو لێکۆڵینەوەی میژووی و مەزهەبی دەربارەی کەنیسەی کریستیانەکانی خۆرهەڵات بووە، لە ساڵی 1821 باوکی ناچار دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی ڕوو لە دوورگەی ماڵتا بکات لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، لە ساڵی 1823 باوکی کۆچی دوایی دەکات، هەر لە دوورگەیە فێری زمانی ماڵتایی(بەزمانی ئەفرۆ–ئاسیاتیك ناسراوە، زمانێکە خێزانێکی دەوڵەمەندە لەزمانی جیاجیای سەر رۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاست لە هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقادا) و عەرەبی دەبێت، لە ساڵی 1835 لە بەیروت دەست بە خوێندن دەکات، لە ساڵی 1841 دەگەڕێتەوە بەریتانیا، دواتر بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە خۆرهەڵاتی نزیك بەتایبەتی لە سەر کریستانیەکان گەشتێکی دوور و درێژ بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا لە ماوەی سێ ساڵ ئەنجامدەدات، لە ساڵی 1845 بۆ جاری دووەم گەڕاوەتەوە بەریتانیا، لەماوەی گەشتێکی بۆ هیندستان و وڵاتی میسر، لە 1850 بۆ جاری دووەم سەردانی کوردستانی کردووە..لە 21ی شوباتی 1888 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم لینکە ئەلیکترۆنییە: دوا سەردان: 14ی 1ی 2017.
https://en.wikipedia.org/wiki/George_Percy_Badger

51. George Percy Badger(1852); The Nestorians and their Rituals with the narrative of a mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-1844 and of a Late visit to those countries in 1850, Vol.1. Joseph matters and Co. Printers, London.P70.

52. Ibid, P184-186.

53. Ibid, P303.

54. گوندی نەهروان، دەکەوێتە ناوچەی جەزیرا بۆتان لە باکووری کوردستان(تورکیا)، کە پێشتر دانیشتووانەکە کلدانی لەسەر ئاینی مەسیحی بوونە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم لینکە، دوا سەردان رۆژی 17ی 1ی 2017:
http://www.marnarsay.com/Subject/Subject2008/dok_003.htm

55. مجموعه المترجمین(2007): رحاله أوروبیون فى العراق، شرکه دار الوراق للنشر المحدوده، لندن. ص126.

56. المصدر نفسه، ص127.

57. فرانسیس ریچارد مانسڵ 1861 لە بەریتانیا لە دایکبووە، کۆلۆنێل لە تۆپخانەی شاهانەی بەریتانیای مەزن، جێگری سەربازی سەرکونسوڵی بەریتانی لە شارەکانی: تەرابزۆن و وان و سێواس، بووە، هەروەها پاشکۆی سەربازی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بووە لە ئیستانبوڵ، حەوت بابەتی لەسەر ناوچە و شارەکانی وەك: بایبورت، باشقەڵا، وان، دیاربەکر، بەدلیس، ئەرزەرۆم و ئەرزنجان. لە ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکای نووسیووە لە ساڵی 1911دا. لە ساڵی 1936 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم لینکە ئەلیکترۆنیە:
https://en.wikisource.org/wiki/Author:Francis_Richard_Maunsell

58. F. R. Maunsell(1894); Kurdistan, The Geographical Journal, Vol. 3, No. 2 (Feb., 1894),P88.

59. Doct. Grant(1843); Mountains Nestorian; Letter from Dot. Grant. The Missionary Herald, Vol.39(XXXIX), November (1843), Boston, P434.

60. Azariah Smith(1851); Contribution to the Geography of Central Koordistan, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 (1851), P66.

61. Gabriel Oussani(1901); The Modern Chaldeans and Nestorians, and the Study of Syriac among Them, Journal of the American Oriental Society, Vol. 22 (1901), P81.

62. تیاری: یەکێکە لە هۆزە گەورەی ئاسوورییەکانی ناوچەی هەکاری لە باکووری کوردستان، بۆ سەر دوو لق دابەش دەبن، یەکەم: تیاری ژووری(تیاری بچووك) لە خۆرئاوای کوردستان نیشتەجێ بوونە، دووەم: تیاری ژێری(تیاری گەورە) گەورەترین ژمارەی عەشیرەتی تیاری پێکدەهێنێت لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوونە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: د. عەبدوڵڵا غەفوور(2010): سەرچاوەی پێشوو، ل59-60.

63. پیاستەر(قرش):دراوێکی زیوی عوسمانی بوو، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1688زاینی دا لێدرا، سەرەتا کێشی شەش درهەم بوو، هەر درهەمێکیش نزیکەی سێ گرام بوو، بەڵام دواتر کێش و نرخی لەبەرامبەر دراوەکانی تر گۆڕانی زۆری بەسەرداهات، هەروەها وشەی قرش لەلای ئەوروپیەکان وشەی(پیاستەر)ی لەبەرامبەر بەکاردەهێنرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: د.سەعدی عوسمان هەروتی(2014): کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.ل60.

64. W. S. Tyler. D.D(1859); Memoir of Rev. Henry Lobdell, M.D, Late of The American Board At Mosul: including Early History of Assyrian Mission, The American Tract Society, Boston.P 199.

65. Dr.Lobdell(1855); Mosul; Letter from Dr. Lobdell, The Missionary Herald, Vol. 51(LI), January (1855), Boston, P112.

66. Ibid, P112.

67. Horatio Southgate, M.A(1856); Narrative of a visit to The Syrian [Jacobite] Church of Mesopotamia with statements and reflections, Dana and Company, New York.P162.

68. Ibid, P163.

69. Ibid, P170.

70. Mr.Marsh(1854); Letter from Mr: Marsh, October 24, 1853. The Missionary Herald, Vol.50(L), February (1854), Boston, P39.

71. Mr. Marsh(1854); Letter from Mr: Marsh, Jun 15, 1857. The Missionary Herald, Vol.53, November (1854), Boston, P370.

72. Ibid, P371.

73. کۆنت دو سێرسێ(2013): گەشتی کۆنت دو سێرسێ بۆ کوردستان 1839-1840، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی. ل7-8.

74. المتسلم) ئەو زاراوەیە بوو کە گوزارشت بوو لەو کەسەی کە بە پەیمانی بە وەزیر دەدا بۆ وەرگرتنی (یتسلم الولایه) ویلایەت ، هەروەها ئەو کەسانەی پەیمانیان دەدا بە والی و حاکمەکان کە دەردەچوون بۆ شەڕ پۆستەکانیان وەردەگرت لە گرنگترین کارەکانی موتەسلیم کۆکردنەوەی داهاتەکانی ویلایەت بوو ڕەوانەکردنی بۆ حاکمی یەکەم و موتەسلیم و گروپەکەی بەخشرابوون لە باجدان. لەسەردەمی حوکمڕانی میسرییەکان لە وڵاتی شام 1831-1840 پۆستی موتەسلیم بەرامبەری پۆستی پارێزگاری شارێك دەهات وەك مستەفا عبدالفتاح ئاغا حەمادە موتسەلیمی شاری بەیروت بوو. د.حسان حلاق و د.عباس صباغ: المصدر السابق، ص201.

75. کۆنت دو سێرسێ: سەرچاوەی پێشوو، ل 96-97.

76. هەمان سەرچاوە، ل 98.

77. الّب.د.بگرس حداد(ترجمه)، (2011): رحله دوبریه إلى العراق(1807-1809)، گ1، شرکه بیت الوراق للنشر المحدوده، بغداد.ص9-10.

78. المصدر نفسه، ص43-44.

79. المصدر نفسه، ص45.

80. المصدر نفسه، ص114-115.

81. ئەدۆڵفوا ریڤادێنیرا لە شاری ڤاڵ پارایوی وڵاتی چیلی لە 10ی شوباتی 1841 لە دایکبووە، باوکی یەکێك بووە لە بڵاوکارە ئیسپانییەکان، دانەری کتێبی (بیبلۆگرافیای کتێبی ئیسپانی)، دواتر ئەدۆڵفوا ریڤادێنری کوڕی تەواوی کرد، باوکی بەمەبەستی سەرکێشی و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەوانی بەشداری لە دامەزراندنی رۆژنامەی میرکوریو (EL Mercurio) کرد، لەوێدا خێزانەکەی ناسی (نیفیس سانچێت) هاوسەرگرییان ئەنجامدا ئەدۆڵفوا بوو بە کوڕی یەکەمیان، دوای حەوت ساڵ گەڕانەوە بۆ ئیسپانیا، ئەدۆڵفوا لە وڵاتەکانی وەك: ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەلجیکا و ئینگلتەرا خوێندوویەتی، پێنج زمانی زیندوو فێر بووە، هەروەها زمانی لاتینیش فێربووە، دواتر زمانەکانی فارسی و عەرەبی زانیووە، کاروانە دیپلۆماتییەکەی لە ساڵی 1863 بۆ خۆرهەڵات دەست پێدەکات، وەك گەنجێکی زمانزان لە 1864-1867 لە بەریروت کاری کردووە، لە 1868 لە قودس و سیلان، لە 1869-1870 دیمەشق، 1874-1875 لە وڵاتی فارس، 1878 لە مۆگادۆ بۆ کەمتر لە ساڵێك لەوێ ماوەتەوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ مەدرید لە رۆژی 5ی شوباتی 1882 لە تەمەنی چل و یەك ساڵی دا کۆچی دوای کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە ئەم سەرچاوەیە: أدولفوا ریفادینرا(2009): من سیلان إلى دمشق، ترجمه: صالح علمانی، دار المدى للپقافه و النشر، دمشق-سوریه. ص9.

82. المصدر نفسه، ص117.

83. المصدر نفسه، ص117–118.

84. المصدر نفسه، ص118.

85. المصدر نفسه، ص118.

86. Henry A. Stern(1854); Dawings of Light In The East with Biblical, Historical and Statistical notices of person and places visited during a mission to the Jewish Persia, Coordistan, and Mesopotamia , London. P221.

87. Dr. Edward Sachau(1883); Reise in Syrian und Mesopotamein, Leipizig (Brockhous).

88. Karl Baedeker(1906); Palestine and Syria with The chief routes through Mesopotamia and Babylonia, Leipzig; Karl Baedeker Publisher, London and New York.P404.

89. خورشيد باشا(2008): رحله الحدود بين الدوله العپمانيه و إيران، ترجمه و تقديم: مصگفى زهران، مراجعه: الصفصافى أحمد القگورى، گ1، المركز القومى للترجمه، القاهره. ص347. و 447–448.

## 5.لیستی سەرچاوەکان

### 1.5. سەرچاوە بە زمانی کوردی:

**پەرتووک:**


1–د.سەعدی عوسمان هەروتی(2014): کورد و کوردستان لە بەلگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە و کۆمەلەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستان، چاپخانەی موکریانی، هەولێر

2–د.عەبدوللا غەفور(2010): ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان لێکۆلینەوەیەکی جوگرافی–ئەتنۆگرافی، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپێرێز–دهۆك.

3–کۆمەلێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز(2002): کورد و کوردستان–لێکۆلینەوەیەك سەبارەت بە باری رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان، سالی 1923 لە فەلەستین بە ئینگلیزی چاپ کراوە، وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.


**گەشتنامە:**


1–کۆنت دو سێرسێ(2013): گەشتی کۆنت دو سێرسێ بۆ کوردستان 1839–1840، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی.

2–کلۆدیۆس جیمس ڕیچ(2002): گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

3–گزنفۆن(2013): ئاناباس، وەرگێڕانی لە یۆنانیەوە: عەلی فەتحی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.


### 2.5. سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

**پەرتووک:**


1–خليل ساحلى أوغلى(2000): من تاريخ الٲقگار العربيه فى العهد العپمانى بحوپ و وپائق و قوانين، تقديم: أكمل الددين إحسان أوغلى، مركز الٲبحاپ و الفنون و اپقافه الأسلاميه، استانبول.

2–شرفخان البدليسى(2006): شرفنامه فى تاريخ الدول و الأمارات الكرديه، ج1، ترجمه: محمد على عونى، راجعه و قدم له: يحيى الخشاب، گ2، دار الزمان للگباعه و النشر و التوزيع، دمشق–سوريا.

3–ستيڤن هيمسلى لونگريك(2004): أربعه قرون من تاريخ العراق الحديپ، ترجمه: جعفر الخياگ، گ5، دار الرافدين للگباعه و النشر و التوزيع، بيروت–لبنان.

4–د.فاچل بيات(2007): الدوله العپمانيه فى المجال العربى: دراسه تاريخيه فى الٲوچاع الأداريه فى چوو الوپائق و المصادر العپمانيه حصراً، گ1، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت–لبنان.

5–د.عبدالعڤيم عباس نصار(1427هـ–2006م): بلديات العراق فى العهد العپمانى 1534–1918م، دراسه تاريخيه وپائقيه، گ1، المكتبه الحيدريه، مگبعه شريعت.


**گەشتنامە:**


1–الٲب.د.بگرس حداد(ترجمه)، (2011): رحله دوبريه إلى العراق(1807–1809)، گ1، شركه بيت الوراق للنشر المحدوده، بغداد.

2–أدولفوا ريفادينرا(2009): من سيلان إلى دمشق، ترجمه: صالح علمانى، دار المدى للپقافه و النشر، دمشق–سوريه.

3–خورشيد باشا(2008): رحله الحدود بين الدوله العپمانيه و إيران، ترجمه و تقديم: مصگفى زهران، مراجعه: الصفصافى أحمد القگورى، گ1، المركز القومى للترجمه، القاهره.

4–د.عماد عبدالسلام رؤوف(تحقيق)، (2007): رحله گه الكردى الباليسانى فى العراق و بلاد الشام و الٲناچول و مصر و الحجاز، گ1، مؤسسه موكريانى للبحوپ و النشر، أربيل.

5–مجموعه المترجمين(2007): رحاله أوروبيون فى العراق، شركه دار الوراق للنشر المحدوده، لندن.


### 3.5. سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

**پەرتووک (گەشتنامە):**


1-A.B. Cunningham(1966): The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841, vol3, The Royal Historical Society, London.

2-George Percy Badger(1852); The Nestorians and their Rituals with the narrative of a mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-1844 and of a Late visit to those countries in 1850, Vol.1. Joseph matters and Co. Printers, London.

3-Henry A. Stern(1854); Dawings of Light In The East with Biblical, Historical and Statistical notices of person

2-Azariah Smith(1851); Contribution to the Geography of Central Koordistan, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 (1851), pp. 61+63-68.
3-F. R. Maunsell(1894); Kurdistan, The Geographical Journal, Vol. 3, No. 2 (Feb., 1894), pp. 81-92.
4-F. R. Maunsell(1901); Central Kurdistan, The Geographical Journal, Vol. 18, No. 2 (Aug., 1901), pp. 121-141.
5-Gabriel Oussani(1901); The Modern Chaldeans and Nestorians, and the Study of Syriac among Them, Journal of the American Oriental Society, Vol. 22 (1901), pp. 79-96.
6-H. I. Lloyd(1926); The Geography of the Mosul Boundary, The Geographical Journal, Vol. 68, No. 2 (Aug., 1926), pp. 104-113.
7-Walter J. Fischel(1944); The Jews of Kurdistan a Hundred Years Ago: A Traveler's Record, Jewish Social Studies, Vol. 6, No. 3 (Jul., 1944), pp. 195-226.

### 4.5. پەرتووك بە زمانی ئەڵمانی:

#### گەشتنامە:

1-Dr. Edward Sachau(1883); Reise in Syrian und Mesopotamein, Leipizig (Brockhous).

### 5.5. ئینسایكلۆپیدیا:

#### بەزمانی کوردی:

1–شەمسەددین سامی(2010): کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنیسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوو دا، قامووسئەعلامی شەمسەددین سامی، وەرگێڕان لە عوسمانی بۆ تورکی نوێ: م. بۆزئەرسلان، وەرگێڕان بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

#### بە زمانی عەرەبی:

1–د.حسان حلاق و د.عباس صباغ(2009): المعجم الجامع فی المصگلحات العیمانیە، دار النهچە العربیە، بیروت–لبنان.

2– الدکتور عماد عبدالسلام رۆوف(2011): المعجم التاریخی لأمارە بهدینان، من منشورات الاکادیمیە الکردیە، مگبعە الحاج هاشم، أربیل.

#### بە زمانی تورکی:

1-Yılmaz Mehmed(1999): Reşid Mehmet Paşa " Yaşamları ve Yapıtlarıyla Osmanlılar Ansiklopedisi, İstanbul:Yapı Kredi Kültür Sanat Yayıncılık A.Ş. C.2

### 6.5. بڵاوکراوەی دیپلۆماتی:

1-A Directory of British Diplomats, Colin Mackie 2013, Updated 11 February 2016.

### 7.5. پێگەی ئەلیکترۆنی:

1- www.marnarsay.com
2-www.britannica.com.

and places visited during a mission to the Jewish Persia, Coordistan, and Mesopotamia , London.

4-Horatio Southgate, M.A(1856); Narrative of a visit to The Syrian [Jacobite] Church of Mesopotamia with statements and reflections, Dana and Company, New York.

5-Karl Baedeker(1906); Palestine and Syria with The chief routes through Mesopotamia and Babylonia, Leipzig; Karl Baedeker Publisher, London and New York.

6-W. S. Tyler. D.D(1859); Memoir of Rev. Henry Lobdell, M.D, Late of The American Board At Mosul: including Early History of Assyrian Mission, The American Tract Society, Boston.

#### گۆڤار(گەشتنامە):

1-Dr.Lobdell(1855); Mosul; Letter from Dr. Lobdell, The Missionary Herald, Vol. 51(LI), January (1855), Boston, Pp111-114.
2-Doct. Grant(1843); Mountains Nestorian; Letter from Dot. Grant. The Missionary Herald, Vol.39(XXXIX), November (1843), Boston, Pp434-437.
3-Frederick Forbes(1839); A Visit to the Sinjár Hills in 1838, with Some Account of the Sect of Yezídís, and of Various Places in the Mesopotamian Desert, between the Rivers Tigris and Khábúr, The Journal of the Royal Geographical Society of London , Vol. 9 (1839), pp. 409-430.
4- J. Shiel(1838); Notes on a Journey from Tabríz, Through Kurdistán, via Vân, Bitlis, Se'ert and Erbíl, to Suleïmániyeh, in July and August, 1836, The Journal of the Royal Geographical Society of London, Vol. 8 (1838), pp. 54-101.
5-Mark Sykes(1908); The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire, The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, Vol. 38 (Jul. - Dec., 1908), pp. 451-486.
6-Mr.Marsh(1854); Letter from Mr: Marsh, October 24, 1853. The Missionary Herald, Vol.50(L), February (1854), Boston, Pp39-40.
7-Mr. Marsh(1854); Letter from Mr: Marsh, Jun 15, 1857. The Missionary Herald, Vol.53, November (1854), Boston, Pp369-374.
8-William Ainsworth(1841); An Account of a Visit to the Chaldeans, Inhabiting Central Kurdistán; And of an Ascent of the Peak of Rowándiz (Ṭúr Sheïkhíwá) in Summer in 1840, The Journal of the Royal Geographical Society of London , Vol. 11 (1841), pp. 21-76.
9-W. Francis Ainsworth(1861); The Assyrian Origin of the Izedis or Yezidis-the So-Called "Devil Worshippers", Transactions of the Ethnological Society of London, Vol. 1 (1861), pp. 11-44.

#### گۆڤار(لێکۆڵینەوە):

1-Alphonse Mingana(1916); Syriac Versions of the Old Testament, The Jewish Quarterly Review, New Series, Vol. 6, No. 3 (Jan., 1916), pp. 385-398.

# زاخو في نظرة الرحالين في القرن التاسع عشر

**الملخص:**

تتمتع مدينة زاخو بموقع استراتيجي مهم خاصة في ربط أجزاء كوردستان الكبرى، اذ إنها حلقة وصل بين جنوب و شمال والغرب كوردستان، و مثلث في العهد العثماني إن نقطة الوصل بين امارات سوران و بادينان و بوتان، في نهاية سطلة أمير محمد باشا في رواندز الذى هو أميرٌ لإمارة سوران ربطتت أراضى إمارة بوتان بإمارته، وحينما تنظر إلى عبور بنهر خابوور في وسط مدينة زاخو مع مجيء مجموعة من الرحاليين عن طريق (كلك) و عبورهم إلى حدود زاخو نسبة معينة نجد عند تسجيلهم للتاريخ تطرقوا إلى ظواهر إنسانية مع طبيعة منطقة زاخو، ذكروا تحديداً مجموعة من الأحداث التاريخية على سبيل مثال مرور جيش زينفون الذين كانوا عددهم عشرة الآف بأرض زاخو و يروي لنا ذلك زينفون بنفسه، وروايته أصبحت نقطةً مهمة لدى الرحالين الأوروبين الذين كتبوا وحللوا في كتاباتهم تحليلات عدة، ونجد أيضاً في كتابات يهود الرحاليين في الخارج والداخل إشارات إلى وجودهم على أرض زاخو و مجموعة من المبشرين أشاروا إلى ذلك في كتاباتهم، كل هذه الإهتمامات بمدينة زاخو تعود إلى وقوع مدينة زاخو على طريق آميدى و مناطق عديدة من جزيرة بوتان و دياربكر التى هي وسط تجاري مهم في ذلك الوقت مع ولاية الموصل. وبعد سقوط إمارة بادينان و ضياع سطلة إمارة سوران بعد هجوم رشيد محمد باشا على إمارته، أصبحت زاخو محطة أنضار الرحالين لذا سجلوا كل مايتعلق بـ(زاخو) بشكل دقيق و جاءوا إلى مدينة زاخو في القرن التاسع عشر أبرزهم الدبلوماسي الإسبانى(أدولفوا ريفادينيرا) و البريطانى (جون آشير) و الفرنسي(كونت دو سرسى) و المبشرين الأمريكين مثل: لو بيديل هينرى و أى ستيرن، كارل بايدكار هارتوا ساوسغيث، جورج بيرسي باجر و ليوت، كول .جى شيل الظابط البريطانى.

**الكلمات الدالة:** زاخو، الرحالين، بادينان، الإمارة، العثمانين.

## Zakho In the Perspective on Nineteenth Travelers

**Abstract:**

Zakho has a strategic position in terms of connecting all parts of Great Kurdistan most importantly, it bridges south, north and west parts of it. Moreover, it was a connecting point between borders of two Kurdish emirates namely, Badinan and Botan in the era of the Ottoman Empire. It also connected Soran and Botan Emirates at the time of collapsing Emir Mohammed's rule the king of Rwandz. Flowing Khabur river through Zakho and crossing it using boats (Kalek) by Travelers also helped them to be better familiar with its natural and human phenomena. They recorded many historical events, most important is the travel of Ten thousand army of Greek Xenophon through Zakho. All these events that happened in Zakho and its surrounding areas attracted the attention of historian and Travelers, and made them give explanations about the events. Moreover, some Travelers proved the existence of Jewish community in and outside Zakho. What led to Travelers to pay attention to Zakho was. Zakho situated among Amedi, Botan, and Diyarbakir. It was also a small commercial center related to Mosul Vilayet after the collapse of Badinan Emirates and when Rashid Mohammed Pasha attacked Soran and ended the rule of Soran Emir. Generally speaking some Travelers perspectives about Zakho are recorded thoroughly and accurately. Some Travelers that visited Zakho in 19th century is Spanish diplomat (Adolf Rivedenira) British Traveler (John Asher), American Doctor and missionary (Lobdell), Henry A. Stern, Karl Baedeker, Horato Southgate, George Percy, Badger. Lieut-Col. J. Shiel a British officer.

**Keywords:** Zakho, Travelers, Emirate and Ottoman Empire.